ئافرەتانی ڕۆژئاوا

بەرەو کوێ..؟

مەلا ئەحمەدی قامیشی

بسم اللهالرحمن الريم

﴿وَمَنْ أعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فإنَّ لَـهُ مَعِيشَةً ضَنْكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أعْمَى﴾

ناوی کتێب:ئافرەتانی ڕۆژئاوابەرەوکوێ؟
ناوی نوسەر:مەلائەحمەدی قامیشی
تایپ: ڕێزان ملااحمد
تیراژ(1000)دانە
ساڵی چاپ(2010)
ژمارەی سپاردن 826 ی ساڵی2005 وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

پێشەکی:

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه .. وبعد

سوپاس بۆ خودا درود بۆحەزرەت.. (ڕەزا) لەیاران سڵاو بۆئومەت ، بێگومان ئەو ئیسلامەی کەخوا بۆی ناردوین مافی هەموو مرۆڤەکانی تێدایە بێ جیاوازی بەتایبەت مافی ئافرەتان کەنیوەی کۆمەڵن ونیوەکەی تریش لەباوەشی ئەوانداپەروەردە دەبێت وپێدەگات، بەداخەوە کەخەڵکانێکی بێ ئاگا لەدین و لەژین! لێرەو لەوێ تەپڵی ئەوە دەکوتن کە ئافرەت لەژێر سایەی ئیسلامدا ستەم لێکراوو بەشخوراوە ! ئازادوسەربەست نین! وانیشان ئەدەن کەئازادی و مافەکانی ژن لە ئەمریکاوئەوروپایە...!وەکەسانی ئارەزو باز وبێگانە دۆست وهەلپەرست لای خۆمان بەودروشمە بێ ناوەرۆ کانە بازاڕی خۆیان گەرم کردووە ، وە زۆرلەئافرەتانیان خڵەتاندووە ،وافێرکراون کەئازادی و سەربەستی ومافەکانیان تەنها لە سفوری و بێ بەند وباری دایە !! جا بۆڕەواندنەوەی تەمی تۆمەتەکان ودەرخستنی هەندێ لەڕاستییەکان، دەستم دایە نوسینی ئەم کتێبە بچوکە وەك دڵسۆزی و پەرۆشییەك بۆئافرەتان ، سەبارەت بەژیان و گوزەرانی ئافرەتانی خۆرئاوا کە چۆن لەژێر سایەی دروشمە بریقە دارەکانی ئازادی و سەربەستیدا سەرگەردان بون ودەچەوسێنرێنەوە بەپێی ڕاگەیاندن و سەر ژمێری ساڵانە و ئیعترافاتی پۆلیس و زاناودانایانی خۆیان ...،بەڵگەکانیان دەدوێن و لەسەرچاوەکانی خۆیانەوە زانیارییەکانم بۆ نەقڵ کردوون،هیچ شتێکم بێ بەڵگە نەنوسیوە و ئامـاژەم بە سەرچاوەکان کردووە لەگۆڤار و ڕۆژ نامەکانیان ...،

جائەوەی ژێرو خاوەنی هۆشە.. دەزانیٚ تەنیا دروشمی بۆشە..دەنگی دەهۆڵەو لە دوری خۆشە..،ئەوەی کەبوو بە هاندەر و هەوێن بۆنوسینی ئەم کتێبەم دەرسێکی هەفتانە بوو بۆ خوشکان لەساڵی (2005) لەسلێمانی،وەپەرۆشی ودڵسۆزیم بۆکوڕان وکچانی گەلەکەم،تاکولەهەڵەی بەرانبەرەکانیان پەندوەربگرن ،کەبێکومان لەهەڵە و پەڵانیش خاڵی نابیٚ، داواکارم لەخوای گەورە لەکەم و کوڕییە کانمان ببورێت و ئەم نوسینەشم بکات بە توێشوی قیامەت وە سود و کەڵکی ببێت بۆ دایکان و خوشکانی بەڕێز بۆ زیاتر بە ئاگا بونیان لەجیهانی ئافرەتان .

واالسلام علیکم....

مەلا ئەحمەدی قامیشی

سلێمانی-مزگەوتی شەفیق بەگ

ڕەمەزانی -2005

کێ ئافرەتانی ڕۆژئاوا دە پارێزێ ؟!

لەلێدان..کوشتن..بازرگانی پێوەکردن دەست درێژی سێکسی...

لــەجیهانی ئیــسلامی دا بەســەر ســوڕمانەوە ســەیری دەســت کــەوت و پێشکەوتنەکانی خۆرئاوا دەکرێ لەبواری تەکنۆلۆژیاو پیشەسازیدا ،ئەمە ڕاستەیەکی بەرچاوە بـەڵام لـەبواری ڕەوشـت و کۆمەڵایـەتی دا یەکـەمی دوای دواوەن! ئایا بلوێری ماڤی مرۆڤ کەهەردەم بەنەغمەی خۆش فووی پێدا دەکەن .

(ڕاستییە یان سەرابەو مرۆڤی تینو بە ئاوی تێ دەگا) ئایا خێزانی غەربی لەژیانی بەختەوەری و خۆشەویستیدا دەژی یان لەبەدبەختی و نائومێدی و دڵە ڕاوكێدان ؟ئایا كچان و كوڕانیان لەژێر سایەی خۆشەویستی دایك و باوكیاندا دەژین یان بێ ماڵ و حاڵ و سەر لێ شێواون؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر ئاماژە دەكەین بەمافەكانی ئافرتان لە خۆر ئاوا ،وەكو لەدروشمەكانیاندا بانگەشەی بۆ دەكەن ئایا ڕێزو ماڤ ئافرەت دابین كراوە ؟ لەسایەی یەكسانی و ماڤ مرۆڤدا ..، ئایا لەو یەكسانییەدا ڕێزی بۆ ئافرەت تێدایە یان لایەنی سایكۆلۆجی و بایۆلۆجی یان وا دەخوازێت كەپێویستە چاوەدێری ئافرەتان زیاتر بكرێت لەئەرك و مافدا وەك لەئیسلامدا هاتووە ؟

جێگەی داخ و پەژارەیە کە ئێمەی خاوەنی پەیامی(لااکراه فی الدین) واتە :زۆر لێکردن نییە لەوەرگرتنی دین،دەبینی ڕۆژانە ئامۆژگاری دەکرێین بە سنگ فراوانی و ئازادی و یەکسانی و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ..بەڵام لەلایەن کێ وە ؟ئەم ئامۆژگارییە بەنرخانە لەلایەن شارستانییەتێك ئاڕاستەمان دەکرێت کەبەتەنهالە جەنگی جیهانی دووەمدا شەست ملیۆن مرۆڤیان لەناو برد لەپێناوی تاك جەمسەری و دەست گرتن بەسەر جیهاندا ،،بەڵام قەیرانی باڵاپۆشی ئافرەتان لەفەڕەنسا دەمامکی ئازادی و مافی مرۆڤی لەڕوو داماڵین و ئەو گەلەی کەدروشمەکەیان((ئازادی و یەکسانی و برایەتی))بوو،جێگەی ئەو پارچە قوماشەی تێدا نەبۆوە کەکچە موسوڵمانەکان دابویان بەسەریاندا لەقوتابخانە ! هاوشێوەی دروشمە جوانەکانی تورکیاو ڕژێمی بەعسی ڕوخاو بەرانبەر بەکوردان،ئایا ئەوە بەس نییە بۆ ئێمە تێبگەین کەجارێکی کە ئامۆژگارییان کردین و دروشمە پوچەکانیان ئاڕاستە کردین لەدیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی و مۆدێل و مۆدێرن و ...هتد بیدەینەوە بەدەمیاندا !؟دیارە شتێکی چاوەڕوانکراوە کەنەیارانی ئیسلام دژایەتی شارستانییەتی ئیسلامی بکەن لەهەموو جیهاندا بەتایبەت لەوڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپادا ،بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کەئەوان لەگەڵ سیستم و ڕێبازی خۆیان پێچەوانە جوڵانەوە کە چەندین ساڵە بەو دروشمانە شانازی دەکەن و ململانێی بەرامبەرەکانیان پێدەکەن بەناوی شەڕی شارستانییەکان ، کەئەمجارەش موسوڵمانان بونە سوتەمەنی دروشمە بریقە دارەکانیان وەك ئەو بڕیارەی کەتیایدا حیجاب قەدەغە کرا.

بێگومان بڕیاری قەدەغەکردنی حیجاب هەروا سەرپێیی دەرنەچوو، بەڵکو پێشینەو ئامادەکاری بۆ کرابوو، هەر لەساڵی(989)کاری بۆ کراوە کاتێ یاسای قەدەغە کرانی سەجەم نیشانە ئاینییەکان دەرچوو لەدام و دەزگاکانی میریدا مەسیحی بێ یان موسوڵمان،وەلەوکاتەوە دژایەتی ئەو بڕیارەش کراوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی موسوڵمانانی فەڕەنسا،بەڵام زلهێزەکان تەنها بەرژەوەندی خۆیان لەبەر چاوە وبیروڕای خۆیان دەسەپێنن وهەرئازادی خوازومافی پەروەریشن!! دوای ڕاگەیاندنی بڕیارەکە سەرەك وەزیرانی فەڕەنسا (جان ڕافالان) پاساوی ئەو بڕیارەی بەوە هێنایەوە کە گوایە بۆ پارێزگاری کردنی ئافرەتە موسوڵمانەکانە لەپەلاماری توندڕەوە عەلمانییەکان،مەگەرئەوان بەبەزەیی ترن لەخوای پەروەردگار!! یان ئەوان دڵسۆز ترن لەدایك وباوکیان بۆ ئەوقوتابییانە...! بێگومان خەڵکانی هۆشیاروخاوەن ویژدانیش هەبون لەناو لیژنەی دەستورەکەدا بەم یاسایە ڕازی نەبون (ڕۆنی ڕیمون) مامۆستای زانستە سیاسییەکان ومێژوو نوسی فەڕەنسا کەوتی: ئەمە ئەو عەلمانییەتە نییە کە بانگەشەی پاراستنی مافی مرۆڤی تێدا دەکرێ !! وەزیری ناوخۆی ئەوکاتی فەڕەنساکەدواتربوبە سەرۆك(نیکولا سارکوزی) بەئاشکرا ڕایگەیاندکە ئەم بڕیارە پێشێلکردنی مافی موسوڵمانانە، باس لەجیاوازی وچەوساندنەوە دەکات ودەڵێ: شەش ملیۆن موسوڵمان لەفەڕەنسادا لەو مافانە بێبەشن کەغەیری خۆیان هەیانە جابۆئەوەی بنەماکانی یەکسانی بچەسپێ. پێویستە ڕێز لەخواستە کانیان بگیرێ، وە دەڵی موسوڵمانان

شوێنی عیبادەتیان کەمە لەچاو ئاینە کانی تر، وەئەگەر ناوت (محمد) بێت ئەوە فایلی داواکارییەکەت دەخرێتە سەلەی خۆڵەوە لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی لێدانی ئافرەتان لەفەرەنسادا زۆر بڵاوە، بەجۆرێ 10/1ی ئافرەتانیان لێیان دەدرێت لەلایەن مێردەکانیانەوە لێدانی بێ بڕوایانە ! کەلەئەنجامدا زۆریان لێ دەمرێت !(ماری دۆمینیك سیرمان) سەرۆکی نیشتیمانی بۆ هاوکاری ئافرەتان دەڵێت: یەك ملیۆن ونیو لەئافرەتانی فەرەنسا دوچاری لێدان و ئەشکەنجە وئازاردەبن لەلایەن هاوسەرەکانیانە وە واتە 1/5ملیۆن پیاو لەپشتی ئەم ستەم وچەوساندنەوەن ،وەئەم یەکێتیە کە لە(54) کۆمەڵە وڕێکخراو پێکهاتووە ،ساڵانە (15) هەزار لەو ئافرەتانەی کە بونەتە قوربانی لێدان وچەوساندنەوە پەیوەندیان پێوە دەکەن ولەناوەڕاستی پاریس چەپکە گوڵی ڕێزلێنان دەخەنە سەرپەیکەری تایبەتی ژنان...، لەڕاستیدا ئەوە یە کارەسات، ئەوە تیرۆر وتۆقاندنە دژ بەمرۆڤایەتی!! بەڵام داپۆشراوە بەدروشمی ئازادی وماڤ مرۆڤ ویەکسانی، دیارەئێمەش بێ کەم وکوڕی نین ولەو دیاردانەمان هەیە، بەڵام بەراورد ناکرێ لەگەڵ هی ئەواندا وەك قەترە بە دەریایە ،وەسەبارەت بە دەنگ لێهاتن وبێدەنگی کاری ئێمە و ئەوان وەك مەسەلەی (مەڕۆکە و بزنۆکە) وایە،بۆیە پێویستە موسوڵمانان تێبگەن وبزانن کەلەهەر جێگەو شوێنێ دینی خوا حاکم نەبوو ئەوە چەوساندنەوە هەیە، بەتایبەت ئەو وڵاتانە هەرداگیر کەرانی دوێنێن بەڵام ئەمڕۆلەبەرگێکی تروبەدروشمێکی تازەوڕا زاوە هاتونەتە پێش!وەهەر ئەوانە پشتوپەنای دوژمنانی کورد بوون، سەرەڕای ئەو هەمووتەنازول وچاکەی لەگەڵیان کراوە ..! ئەوەی کە بۆ بەڕێزتانم نوسیوە مشتێکە لەخەرمانی (ماڤ مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی) عەلمانییەت کەتەنها دروشمی بێ ناوەڕۆکە وهیچی تر .

ئیسپانیا : کێشەی باڵاپۆشی و دادگای پشکنین..!

پۆلیسی ئیسپانیا ساڵی زیاتر لە (500)هەزار سکاڵا تۆمار دەکات لەسەر دەست درێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتان ! هەندێك لەوانەی کەبێ ئاگان لە مێژووی ڕابردوو لەوانەیە وا گومان بەرن کەدژایەتی کردنی پۆشاکی ئیسلامی لەم ساڵانەی دوایدا سەری هەڵداوە ، یان پەیوەندی هەیە بەڕوداوەکانی (11 ی سێبتمبر) وە ، بەڵام مێژووی دژایەتی کردنی شارستانییەتی ئیسلامی لەلایەن ڕۆژئاواوە زۆر لەوە کۆنترە ەپڕیەتی لە ڕوداوی تیرۆرو تۆقاندن و مەرگەساتیان هێناوە بەسەر موسوڵماناندا ، ئەگەر سەدەی (16)بەنمونە بهێنمەوە بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی ئیسپانیا چ مەرگەساتێکیان بەسەر موسوڵماناندا هێنا ،بەدانانی دادگای پشکنینی بیر و باوەڕ (محاكم التفتيش) لەساڵی (1609) زاینی و ساڵەکانی دواتریش بەلەناو بردنی هەزاران موسوڵمان و قەدەغەکردنی باڵاپۆشی لەدام و دەزگاکانی میریدا ،دواتریش لەساڵی (1513) بڕیاری پاشایەتی دەرچوو لەلایەن (جان المجنونه) ژنە پاشای ئەو کاتە بەقەدەغە کردنی پۆشاکی ئیسلامی بەیەکجاری لە وڵاتدا !! دوای 13ساڵ ئەو بڕیارە یەکێك لەگەورە بەرپرسانی دادگای پشکنین بەناوی (ونزۆ مزیکی)هەستا بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد بۆ بن بڕ کردنی دیاردە ئیسلامییەکان لە (غەرتانە)بڕیارێکی دەرکرد بەگۆڕینی ناوە ئیسلامییەکان بۆ ناوی قشتاڵی و گۆڕینی جل و بەرگیان بەتایبەت حیجاب !! (تازە لە وڵاتی خۆشمان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە بە گۆڕینی ناوەکان و کەم کردنەوەی دیاردە یسلامییەکان تەنانەت

بەکارهێنانی ووشەکانی لاتینی لەجیاتی ووشە کانی عەرەبی لەنوسیندا هەر بەشێکە لەو هەوڵە گوماناویانە) بابگەڕێینەوە ئیسپانیاو لەساڵی (1566) ز یاسایەك دەرچوو کە بەو پێیە پێویستە هەموو ئافرەتانی موسوڵمان بەرگی مەسیحییەکان لەبەر بکەن و هەرکەس حیجاب بپۆشێت دوچاری توندترین سزای یاسایی دەبێت ،وە لەساڵی (1600) ز یاسایەکیان دەرکرد نابێ موسوڵمانان مردووەکانیشیان بەشێوەی شەریعەتی ئیسلام بنێژن !! بەڵکو لەسەر شێوەی ئەوان بنێژرێ،پاشان کار گەیشتە ئەوەی کەقوتابخانە ئاینییەکانیان قەدەغە کردوو مزگەوتەکانیان ڕوخاند ...! هەر لەو ساڵەدا (ئەنتۆنیۆ سوبەرینۆ) نامەیەکی نوسی بۆ پاشاکەیان (فلیپ) ی سێیەم تیایدا دەڵێ : سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئێمە شێوەو ناسنامەی ئیسلامەتی لەموسوڵمانان دابڕنین وە لەهەمو شتێکدا بیان خەینە سەر شێوەی گاورەکان ، جائەگەر موسوڵمانان بەلاپەڕەکانی مێژوودا بچنەوە بەتایبەت ئەم چوار سەدەی کۆتایی دەبینین کەئەم دژایەتی کردنەی ئێستای باڵا پۆشی ئافرەتان هەمان کێشە و دژایەتی کۆنە !! بەڵام لە بەرگێکی تازەی شارستانی و جیهان گیریدا ، بەدروشمی مافی ژنان و ئازادی و پێشکەوتن !! ئاوا ڕوداوەکانی مێژوو خۆیان دوبارە دەکەنەوە ...ئێستا بە پاساوی دژایەتی کردنی تیرۆر دژایەتی دیاردە ئیسلامییەکان دەکرێت وەبێئاگایی موسوڵمانان لەلایەك و ناکۆکی و پەرتەوازەییان لەلایەکی تر ئەوەندەی تر قوڕەکەی خەست کردۆتەوە ،ئەوەلەکاتێکدا کە موسوڵمانان دەسەڵاتیان بوو لە ئیسپانیا گەورەترین خزمەت و پێشکەوتنی زانستی بە خۆوە

بینیوه كه پێیـان دەگـوت (ڕێنـساس) واتـه : ڕاپـەڕینی زانـستی بـەڵام لـه بەنبـەردا دوای نـەمانی دەسـەڵاتی موسـوڵمانان ، نەسرانیەكان ئـەوەی لـه دەستیان هات لەتیرۆرو تۆقاندن كردیان لەماوەی چوار سـەدەدا نـۆ ملیـۆن موسوڵمانیان شەهید كرد ، دیارە چی بچێنی ئەوە دەدوریتـەوە ،ئـەنجامی یاسـای جەنگـەڵ و شارسـتانی دوور لـەخوایی كۆمـەڵگا بـەرەو هەڵـدێر و مـاڵوێرانی دەبـات ئـەو ژمـارانی تۆمـار كـراوە لەسـەر ژمێرییـەكانی سـاڵی (997) لەئیسپانیادا سـەبارەت بەچەوسـاندنەوەی ئافرەتـان:–ڕێـژەی ئـەو كچانەی كەهێشتا شوویان نەكردووە و حەبی مەنع بەكار دێنن بەردەوام له 0/093 یه !

–لەسـاڵی (990) ز (130) هـەزار ئـافرەت سـكاڵایان تۆمـار كـردووە كـه دەســت درێــژییان كراوەتــه ســەروو لێیــان دراوە لەلایــەن هاوســەر و هاوڕێكانیانەوە !

–ساڵی (997) ز 54 هەزار سكاڵا تۆمار كراوە لەدادگا كه دوچاری دەست درێـژی و لێـدان بونەتـەوە بـەڵام پۆلیـسی ئیـسپانی دەڵێـت ژمارەكـه دە بـه رانبەرە !!هەرلەو ساڵەدا 54ئافرەت بەهۆی ئەشكەنجەو ئازارەوە مردوون

____

1–**محاكم التفتيش /د.زكی علی**

2–**الشباب المسلم فی مواجهه التحديات/د.عبدلله ناصح**

بەڕیتانیا : دیاردەی لێدانی ئافرەتان !

لەجیهانـدا بـەریتانیا بـەوە ناسـراوە کـە وڵـاتێکی یاسـاییە و مـافی مرۆڤـی تێداپارێزراوە ، بەڵام ئەمیش دوچاری کێشەی زۆر بۆتەوە لەبارەی دەست درێـژی کردنـە سـەر ئافرەتـان ، چـونکە ئـەو ژنـە دەبێـت چاوەڕوانی چـی لـەپیاوێك بکـات کەلـە خـوا ناترسـێ و دیـنی نییـە بـەردەوام سـەرخۆش و مـەغرورە .... جگـە لـە چەوسـاندنەوەو جیـا بونـەوە ؟.. لێکۆڵینـەوە کـان دەریان خستووە کەڕێـژەی 50٪ ی ئـەو ئافرەتانـەی کەلـەناوبراون لەلایـەن مێردەکانیانـەوە بـووە !وەتـەنها لەسـاڵی (992) ز ڕێـژەی تونـد وتیـژی لەماڵـدا گەیـشتە 46٪وە پۆلیـسی بـەریتانی سـاڵی (100) هـەزار سـکاڵا تۆمـار دەکـات کـەدژی پیاوەکانیـان تۆماریـان کـردووە ، (جـین لـویس) ئاماژەی بەوە کردوو کە3/2حاڵەتی جیابونەوە بەهۆی کێشە و هەرای ناو خێزانەکانەوەیە ، وەبەهۆی بەکارهێنانی مادە بیێ هۆش کـەرەکان بـەهاو ڕەوشـــت بـــەردەوام لەدابەزینداپـــە ، لەڕاپۆرتەکانـــدا هـــاتووە کـــەپیاوی بەڕیتانی بەبیێ هۆ لەژنەکەی دەدات و ئازاری دەدات کە ڕێژەی ئەو حاڵەتە گەیشتووەتە 77٪حاڵەت،هـەر لـەو ڕاپۆرتـەدا هـاتووە کـە یـەکێك لەژنـەکان وتویەتی سێ ساڵ و نیوە پیاوەکـەم لـێم دەدات بـەخراپترین شـێوە ، هـەر قسەیەکیش بکـەم لێدانەکـە دوبارە دەکاتـەوە ، تەنانـەت ئەوەنـدە بەچاوی سوك سـەیری خێزانـەکانیان دەکـەن هەنـدێ جـار جگـەرە کانیـان لەسـەر لاشەی خێزانەکانیان کوژاندۆتـەوە ، یان بۆ چەند کات ژمێرێك بەدەسـت بەستراوی لـەژورەوە جێیـان هێشتون ! ئـەو حاڵەتـەی کـەباسمان کرد بـەو ڕێژە زۆرە گەر لەوڵاتێکی ئیسلامیدا تۆمار کرابا ئەوا لەلایەن میدیاکانـەوە

زۆربەگەرمی دەهۆڵی بۆ دەکوترا و پێشوازی لێدەکراو چەند جار گەورەتر دەکرا،بەڵام بۆ زلهێزەکان و دەوڵەمەندەکان دەنگی لیّ نایەت و هەر ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤە !! پیاوان لەکاتی پێویستی مادیدا یان دوای تێر بونی ئارەزوی ژنەکەی خۆی دەفرۆشت تاساڵی (920) بەپێی یاسایەك قەدەغە کرا بەڵام بنەبڕ نەبوو!! لەسەردەمی پاشایەتی (هنری) هەشتەمدا پەرلەمانی ئینگلیز بڕیارێکی دەرکرد بەقەدەغە کردنی خوێندنەوەی کتێبی (العهد الجدید) ی تایبەت بەدینی مەسیحی لەلایەن ئافرەتانەوە، (50)لێکۆڵەرەوەی پسپۆڕ لەبواری ئافرەتان لە ڕاپۆرتێکدا ڕایان گەیاندووە کەدیاردەی جیاوازی ڕەگەزی و دەست درێژی بۆ سەر ئافرەتان ڕۆژانە لەزیاد بوندایە،لەتازەترین لێکۆڵینەوەدا کەدامەزراوەی پاشایەتی بەریتانی ئەنجامی داوە ئاماژە بەپێویستی دامەزراندنی ڕێکخراوێك دەکات بۆ گرنگی دان بەبوارەکانی ئافرەتان و دامەزراندنیان لەپلەو پایەی هاوشێوەی پیاوان ، چونکە زۆرێك لەوانە خاوەنی بڕوانامەن بەڵام پۆستی شیاوی خۆیان پیّ نەداون چونکە لەڕەگەزی مێینەن ! هەر لەبەر ئەوە زۆربەیان کارەکانیان جێهێشتووە ، وەهەمان سەرچاوە ڕایگەیاندوە کەڕێژەی دامەزراندنی ئافرەتان لەشوینە گرنگەکان کەم بۆتەوە و لەدابەزیندایە، لەکۆمەڵەی پاشایەتی ڕێژەی 3٪ یە وەلەئەکادیمیای ئەندازیاری بەڕێژەی 1٪ وەلەپەیمانگای زانستی زیندەوەرزانی بەڕێژەی6٪ تیایدا کار دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا لەدام و دەزگاکاندا سوکایەتییان پیّ دەکریّ لە لایەن پیاوانەوە ،هەر لەبەر ئەوە بوو بەڕێوەبەری دامەزراوەکە (بارونە جرینفیلد) کەمامۆستای (صەیدەلانی) یە

لەزانکۆی ئۆکسفۆرد–داوای کرد بەهاندانی ئەو ئافرەتانە بۆ گەڕانەوە بۆسەر کارەکانیان وەلە بازنەی بیٚ هیوایی دەرچن !! بازنەی بیٚ هیوایی دەبیٚ چی بیٚ ! مەبەستی پیٚ ماڵەوەیانە ! کەتیایدا دوچاری لیٚدان و چەوساندنەوە دەبن ! لەبەر ئەوەی ژیانیان لەسەر بنەمای مادە و دونیا پەرستی دامەزراوە ماڵەوەیان هەر چەوساندنەوەی بیٚ پسانەوەی بیٚ حەسانەوە !! لە فەرمانگەکانیش سوکایەتی پیٚ کران و ناچار کردنیان بەکاریٚ کەلەگەڵ سروشتیان ناگونجیٚ، سزای دوا ڕۆژیش چاوەڕیٚیانە ، جاخوشکی بەڕیٚزم تۆش سەرنج بدە و بزانە ، تەنها یاسای ئیسلام بۆمان دەرمانە ،جگە لەوە ناوی گەورە و شاری ویٚرانە .

ئەمریکا..ئەوەی لەسەرژمیٚرییەکانیدا تۆمار کراوە !!

(لەهەر سیٚ چرکەیەکدا دەست دریٚژییەکی سیٚکسی دەکریٚتە سەر ئافرەتیٚك شەش ملیۆن ئافرەت لیٚدراوەوچوار هەزارئافرەتیش کوژراوە !!)

زۆر لەناوەندە زانستییەکان و لیٚکۆڵەرەوە ئەمریکییەکان ڕەخنەی توندیان گرتووە لەو حاڵەتەی کەکۆمەڵگای ئەمریکی تیٚیدادەژی لەبواری کۆمەڵایەتی و لەبەر یەك هەڵوەشانی خیٚزانی ئەمریکی کەساڵانە لەزیادبوندایە و بیٚ چارەسەر ماوەتەوە ، بەپیٚی ئەو لیٚکۆڵینەوانە ئەم ژمارانەی لای خوارەوە تۆمار کراوە :

*– لەساڵی980 ز (1،553،000) حاڵەتی لەبار بردن ئەنجامدراوە بۆئەو ئافرەتانەی کەتەمەنیان لەبیست ساڵ کەمترە ، بەڵام پۆلیس دەڵیٚ ژمارەی ڕاستییەکەی سیٚ ئەوەندەیە !

*- ساڵی 982 ز 80٪ ئەو کچانەی کەتەمەنیان لەخوار 15 ساڵی دایە و شویان کردووە تەڵاق دراون .
*- ساڵی 984 ز هەشت ملیۆن ئافرەت لەگەڵ منداڵەکانیان بەتەنیا دەژین بێ یارمەتی کەسانی تر !
* ساڵی 986ڕێژەی ئەوپیاوانەی کە لەسەرحسابی ژنەکانیان دەژین 27٪
*_ ساڵی 982 ز (10/000) حاڵەتی ئیغتیصاب تۆمار کراوە ،80٪ دەست درێژییەکان لەچوار چێوەی خێزان و هاوڕێیەتیدا بووە
*- ساڵی 997 ز هەر لەسێ چرکەدا ئافرەتێك ئیغتیصاب کراوە ،6ملیۆن ئافرەت دوچاری ئازاری جەستەیی و دەرونی بوون ،بەهۆی مامەڵەی خراپی مێردەکانیانەوە 70،000 لەلایەن مێردەکانیانەوە لێیان دراوە ، 4هەزار ئافرەت لەسەر دەستی مێردەکانیان و نزیکەکانیان لەناو دەبرێن !!
+ 74٪لە بێوەژنەکان هەژار کەوتون و بێ سەرپەرشتیارن + 85٪ لەپیرەژنەکان بەتەنیا دەژین و کەس یارمەتییان نادات
*-ساڵەکانی (979-985) نەشتەرگەری نەزۆکی ئەنجامدراوە بۆ هیندە سورەکان بێ ئەوەی بزانن !
*- ساڵەکانی (80-90) یەك ملیۆن ئافرەت لە تاترۆخانەکان کاریان دامین پیسی بووە بەڕەسمی !
*- ساڵی 995 ز (2500) ملیۆن دۆلار بەرهەمی مەلهاو ڕێکخراوە سێکسییەکان بووە .
لەلێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکیدا دەرکەوتووە کەئەو ژمارانەی لای پۆلیسی ئەمریکی تۆمار کراوە زۆر لەوە زیاترە کەڕاگەیاندنەکان بڵاویان کردۆتەوە

بەڵام بەشی زۆری لەڕاگەیاندنەکان دەشاردرێتەوەو ئاشکرا ناکرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی ئەمریکی ڕیسوانەبێت بەتایبەتی لەبواری مافی ئافرەتانەوە، ئەوە مشتێکە لەخەرمانێك، لێرەوە تێدەگەین کەمرۆڤ هەر چەندە لەبواری زانست وتەکنەلۆجیادا پێشکەوتو بێت بەڵام بەبێ پەیامی خوایی بەختەوەر نابێت، وەلەهەر شوێنێ دینی لێ نەبوو ئەوا ستەم و پێشێلکاری لێیە ، وەئافرەتانیش بەر لەهەموان دوچاری چەوسانەوەو ئابڕوتکان دەبن،(ئەنشتاین) لەوەدا جوانی پێکاوە کەدەڵێ: مرۆڤی بێ ئاین وەك کەشتییەکی بێ کەشتیوانە ..(مجله الاسره/ العدد 129 السنه 1424)

ئەو سەربەستییەی لەئەمریکایە – لێمانی لادەی خودایە

سوپاس بۆ خوا کە بەئەمریکی دروست نەکراوین و شانازی بە موسوڵمانییەتی و کوردایەتی خۆمانەوە دەکەین ، زۆر باسی سەربەستی دەکرێ لەئەمریکا بەڵام کام سەربەستییە ؟ لەڕاستیدا گەلی ئەمریکی ڕای نییە ،بەڵکو جولەکە حوکمی وڵات دەکەن ! هەر کەسێکیش بەرانبەریان بوەستێت لەناو دەبرێت و کۆتایی پێ دەهێنرێ ئەگەر نەشکوژرێ ، وەك نمونەی (مارلۆن براندۆ) ی ئەکتەر کەدەربارەی جولەکەی (هۆلیود) شتی وتبوو پاشان بەدەردێکی وایان برد کەبەگریان و پاڕانەوە لەبەردەم – حاخامانی–جولەکە چۆکی داداو پاڕایەوە ...، جولەکە ئەمریکاییەکان زاڵن بەسەرکارو باری ئەمریکییەکاندا ، کەچی باقی گەلی ئەمریکی زۆرینەن کاریان تەنها دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیە ، کەواتە گەلی ئەمریکی ناچار کراون کەهەمیشە چاویان لەدەستی جولەکە بێو لەژێر ڕەحمەتی ئەواندا بژین . سەبارەت بەمنداڵانی ئەمریکا دایك و باوکیان ناتوانن

بەمنداڵەکانیان بڵێن بێدەنگ بە ! ئەگینا منداڵکە پۆلیس بانگ دەکات و دایك و باوکی سجن دەدات ! بەتۆمەتی باش هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵ منداڵ ، ناچار دایك و باوك دەکەونە ژێر هەڕەشەی منداڵەکانیان ! ئەمریکا بەرانبە بەدەرەوە وڵاتێکی بەهێزو زاڵە بەسەر جیهانداو لەڕوی ئابوریشەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە ، بەڵام ئەوانەی کەزاڵن بەسەر لایەنە ئابورییەکەیدا جولەکە و کۆمەڵێکی کەم لە گەلی ئەمریکییە وەگوزەرانی زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا گرانە ، لەبواری کۆمەڵایەتییەوە بێ هێزو هەڵوەشاوە ، شیرازەی خێزان زۆر بەکەمی ماوە ، هاوڵاتی واهەیە لەسەر ڕێگەو بانەکان دەمرێ و کەس لێی ناپرسێتەوە ، شۆستەکان پڕن لەسەرخۆش و بێ ماڵ و حاڵ ، گەر سەیری تەلەفیزۆنەکەیان بکەی بەزۆری هەواڵی کوشتن و تاوان و گیروگرفتی ژن و مێرد و دایك و باوکە لەگەڵ منداڵەکانیان ، یان بەرنامەی (توك شۆو) کەکۆمەڵێك لەخێزانەکان کۆدەبنەوە پسپۆڕێکی کۆمەڵایەتی قسەیان بۆ دەکات سەبارەت بەچارەسەرکردنی گرفتەکانیان ،وەك دوو خوشك حەزلە پیاوێك دەکەن پیاوەکەش چاوی لەخوشکی سێهەمە، ئایا حەزدەکەی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەواندا بژی کەهەموو شتێکیان لەسەر مادەو دنیا بنیات نراوە ؟ هیچ حەیاو ئابڕوی بەش نەدراوە ، بێ گومان هەمو کۆمەڵگایەك سلبیات و ئیجابیاتی تێدایە، ئەگەر کۆمەڵگای خۆمان بەراورد بکەی لە کۆمەڵگای ئەوان ، ئەوا ئاسمان و ڕێسمانی بەینە وکۆمەڵگای ئیسلامی ئێمە بەهەزاران جارچاکترە، وەباوەڕناکەم هیچ مرۆڤێکی ژیرخواستی ئەوەبێ کچ وکوڕەکەی بەخێوبکات تا 18ساڵی دوایش وازی لێبێنێ و بمرێت و میراتگرەکەی سەگ و پشیلەبێت !! لەکۆتایدا دەڵێم ئێمەی موسوڵمان پاراستنی خێزان و پەروەردەی ڕۆڵەکان و ئابڕوی کوڕو کچەکانمان لا گرنگترە لە سیاسەتێکی درۆینە .

بەڵام کێ لەئەمریکادە پرسێتەوە

دوای قەدەغـەکردنی بالآپۆشـی لەفەڕەنـسابۆهاوسەنگی تـەرازووی سیاسـی ئـەمریکا ،بەرپرسـی ڕیکخـراوی (ئازادیەئاینیـەکان)لـەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاڕەخنـەی لـەوبڕیارەی فەڕەنساگرت وبەپێـشێل کردنـی ئـایینی لەقەڵـەم دا،ئەمەهەڵویـستێکی جوامێرانەوبوێرانەیە،بـەڵام سـەیرلەوەدایەناو وڵاتەکـەی خۆی نابینێ..! ئەوئەمریکایەی کەسەرچاوەی ماف–وئازادی یەکانە–چیرۆکی دەرکردنـی ئەوکچەمـسوڵمانەی لەبیرکردوەلەقوتابخانـەی (ڕیجینـا) ی شـاری کلیفلاد لەویلایەتی ئۆهایۆتەنها لەبەرئەوەی پۆشاکی ئیسلامی لەبەربووئەوەش دومـانگ دوای بڕیارەکـەی فەڕەنـسا...،ئـەی ئەوبەرپرسەئەمریکیەچـۆن بـیری خۆی بردەوەکاتێ کاتێك ئافرەتێکی جولەکە لەتەمەنی(40) ساڵی دامسوڵمان بووبـەهۆی بەرگەکەیەوەلەناوبازاڕگـەنجێك لێـی داو ووتـی بـەرازێکی تیرۆریـستم لەناوبرد!!ئەمەوبەهەزاران نموونەلەبەردەست دان سـەبارەت بەمێـژووی ڕەشـیان بەرانبەربەمـسوڵمانان،لەخۆرئاواکچ کـەبالغ بووبـەپێی یاسـاکانی وڵاتـانی بەناوپێشکەوتولەڕاستیدا دواکەوتو،مەسرەفی لەسەردایك وباوك نامێنێت دەبێ خـۆی بکەوێتەمـشوری نـان پەیـداکردن ! ئیـدی چـۆنی پەیـدا دەکـات گـرنگ نیـە،دەبێت هەرپەیـدای بکـات بۆژیـانی خـۆی ،وەهـەروەهاژنی خۆرئـاوایی چونکەکاردەکات وخـاوەنی پارەیەومێردەکـەی بەزۆرپارەی لـێ دەستێنێ!بەڵام ژیـن تـاڵی وبەدبـەختی لەوەدایەکـەبێوەژن وپـیرەژن وپەککەوتـەکانی تێـدادەژین ،سـەرەنجامیان بۆخەڵوەتگـەی پـیری وپەککەوتەخانەکانـەوجاری واهەیەبـە(10)سـاڵ جارێـك کوڕوکـچەکانیان سـەردانیان ناکەن،نەوەکانیـشیان هەرباس مەکە!دیارەباسی شتەگەورەکان لەکوشتاری وداگیرکاری بابمێنێ..

هەڵوەشانەوەی خێزانی ئەمریکی....!*

بێگومان خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگایە بۆیە ئسلامیش زۆرگرنگی پێدایە،چونکە خێزان واتە:ژیانی خۆشەویستی وخزمایەتی وپەروەردەی منالْ وڕێزی دایك وباوك و...،کەخێزان نەماواتە ژیان نەما،ژیان دەبێتە ژان واتە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا،ئێمە لەسایەی ئیسلامەوەدەزانین کوڕی کێین ولەچ هۆزوبنەماڵەیەکین،خێزانەکانی ئەوروپاوڕۆژئاوا بەرەوهەڵوەشانەوەن، سەرەڕای خیانەتی هاوسەری منالێش ناخەنەوە!لەجیاتی ئەوە هاوڕێیەتی سەگ وپشیلە دەکەن!چونکە دەڵێ منالێك بۆمن نەبێ باهەرنەبێ،چون کەگەیشتە(18)سالْ ئەبێ بڕوا خۆی بەخێوکات،جاکچی داماوچی ئەکات بیکات لەپێناوی پارە بۆژیان! بۆیە لەوڵاتێکی وەك فەرەنساکە(57) ملیۆن کەسە نۆملیۆن سەگی تیابەخێوئەکرێ وئەندامی خێزانن بەفەرمی!کەدین لەئارادا نەبوومرۆڤ ئەخرێتە ئاستی سەگ وپشیلە،دیارە کەلەبواری ماددەوتەکنەلۆژیادا لەپێشن،بەلاّم لەلایەنی خێزان وبواری کۆمەلاّیەتیدا لەدوای دواوەن،ئەوەش هەندێك لە گرفت وقەیرانەکانی خێزانی ئەمریکی کەبەرەولێکترازانیان دەبات.

یەکەم: نەمانی ڕیزوخۆشەویستی ووەفای ژن و مێرد بەرانبەریەکتر ، زۆربونی تەڵاق وپەیوەندی جنسی بەخیانەت کردن لەمێردەکەی وەنەمانی ڕەحم ولەیەکتربێزاربونیان.بۆنمونەلەئەمریکاڕێژەی تەڵاق ولەیەك ترازان گەیشتۆتە(70٪) وەبەپێی سەرژمێریەکی مەرکەزی3/1 ی منداڵانی ئەمریکی بێبەشن لەسۆزی دایك یان باوك! **دووەم**: منداڵەکانیان توشی

چەندین گرفت وکێشەبونەتەوەوەك (سیلان وئایدز)کەبەهۆی پەیوەندی ناشەرعیەوەپەیدادەبن بەپێی سەرژمێریەکان سلانە10٪ ی منداڵان تەعەدای شەرەفیان لێکراوە،بۆنموونەسەرۆکی شارەوانی شاری(ئاموجرد) لەویلایەتی مەکسیکۆلەدادگاتۆمەتی دەست درێژی کردنەسەرشەش کچۆڵەی بچوکی لەسەرئیسپات بوو!وەلەشاری (بیتسبرگ)سێزدەمنداڵ کەفەحس کرابوون .حەوتیان دوچاری نەخۆشی ببون وەساڵانەنزیکەی (ملیۆنێك وهەشت سەد)هەزارمنداڵ بزردەبن کە(90٪)یان لەوانەن کەلەماڵەکانیان رادەکەن وپاشان دەفڕێنرێن .وەسەرژمێرەڕەسمیەکان دەریان خستوەکە_(3/1) تاوانەگەورەکان لەلایەن ئەوهەرزەکارانەوەئەنجام دەدرێن کەتەمەنیان لەخواربیستساڵیەوەیە!وەحاڵەتی هۆگربوون بەخواردنی ماددەسڕکەرەکانەوەگەیشتۆتەڕێژەی زیاتر(15٪)ی گەنجەکانی قوتابخانەئامادەییەکان !وەساڵانەزیاترلەملیۆنێك کچی هەرزەکار بەبێ مێردوشوکردن منداڵیان دەبێت ولە(80٪)یان کچی قوتابخانەئامادەییەکانن ومەبەستیشیان لەهێشتنەوەی کۆرپەکانیان ئەوەیەکەدەوڵەت هاوکاریان بکات ودەوڵەتیش ساڵانەزیاترلەملیارێك دۆلاربۆهاوکاری دایکانی هەرزەکار خەرج دەکات!

سێیەم: کەمبونەوەی حاڵەتی ژنهێنان وشوکردن لەزۆربونی دیاردەی ڕیزپەڕی جنسی(الشذوز الجنسي) واتە:جووتبونی نێرلەگەڵ نێرومێ لەگەڵ مێ ئەمەش چەندزانیاریەك لەوبارەوچەند وێنەیەك تەنهالەئەمریکا:دیاردەی ژن هێنان لەنەوەتەکاندالەچاوحەفتاکاندا17٪ کەم بۆتەوە،پەیوەندی جنسی یەناشەرعیەکان لەسێبەرانبەرزیادیان

کردوەگۆڤــــاری (نیوزیـــــك)ی ئـــــەمریکی لەســــاڵی 1977 دابـــــلاوی کردۆتەوەکەئەوکاتــەژمارەی ڕێژپــەڕیٚ جینــسی نزیکــەی بیــست ملیــۆن بووە!هەمووولایـەك ئاگـادارن کـە(بیـل کلنتـۆن)سـەرۆك کۆمـاری پێـشوتری ئەمریکالەســـــــاڵی(1992)لــــــــەکاتی هەڵبــــــــژرادنی لەشــــــــاری (کالیفۆرنیا)لەکۆنگرەیەکدابەئاشکرابانگی نێربازەکانی کردبـەڵێنی پێدان کەلەبەرانبەردەنگ پێدانی دائەویش بەرگریان لێبکات وخزمەتیان بکات...

چــــوارەم: پەرەســــەندی تــــاوان وتوندوتیــــژی :وەك دەروننـــــاس و کۆمەڵناسەکان گوتویانەهۆکاری سەرەکی بڵابونەوەوگەشەکردنی دیاردەی تـاوان وتوندوتیـژی ولەیـەك ترازانـی ژن ومێردوهەڵوەشـاندنەوەی خێـزان وپەرتـــەوازەبوونی منداڵــــەکان وئەوکەســــانەش کەخــــەریکی تــــاوان وتوندوتیـژی دەبن وەك قـەتل ودزی وتەعدای جنسی بەزۆری کەسانێکن کەلەباوەشی خێزانێکی ساغ ودایك باوکایاندابەخێونەکراون ولەسۆنگەی ئەوەوەدوچاری نەخۆشی دەرونـی وعـەقڵی بـوون وکینـەوڕقیان لەسـەرجەم کۆمەڵگایەودەیانەوێت بەهەرشێوەیەك بێت ڕقی خۆیان بڕێژن

پێنجــەم: ســەرباری هەمووشــتێکیش تەشــەنەکردنی چــەندین نەخۆشــی ترسـناك بـەهۆی بڵاوبونـەوەی پەیوەندیـە جنـسیە ناشـەرعیەکانەوە هـەر لــەزیناوبگرەتانێربازی و،خۆلێکخـشاندنی ئافرەتـان وجـوت بـون لەگـەڵ گیاندارانداب‌ەتایبــەتی ســـەگ!!دیارەبڵاونـــەوەی ئەونەخۆشیەکوشـــندەو پیـسانەش (ئایـدز)لەهــەمویان تازەتروپیـستروکوشندەترەخواوپێغەمبەر (د.خ) ئاماژەیـــــان بەئـــــەنجامی خراپـــــی ئەوبەدڕەوشـــــتیەکردوە،خوای دادگەرفەرمویـەتی(ولاتقربـواالزني انـە کـان فاحـشةوساءسبيلا)واتـە:تـوخنی

زینامەکــەون چــونکەتاوانێکی ناقۆڵایــەخراپترین شــێوازوو ڕێبــازە وەك پێغەمبەرلەفەرمودەیەکداکەئەمەکوردیەکەیــەتی فەرموویــەتی:(هــەرکاتێك داوێــن پیــسی بەشــێوەیەکی زەق وئاشــکرا لەنێوهەرکۆمەڵگەیەکــدابڵاو بویەوەبــەجۆرێك نەیــشارنەوە،ئەوەبەتەکیدنەخۆشی وئازاریــان لــەنێودا بڵاودەبێتەوەکەلەخــــەڵکانی رابردویاندانــــەبوون)! ئەوەتالــــەڕاپۆرتی (ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی)دا لـەکۆتای سـاڵی (2000) 10 ملیـۆن ئـافرەت دووچـاری ئایدزبووەدیارەهەربەوەنـدەش ناوەسـتێ چـونکە هـەر کەسێ کاری جنسیان لەگەڵدابکات ئەویش توشی دەبێ ومنداڵەکانیشیان بەنەخۆشــی دەبــن.،بــەڵی خوێنــەری ســەنگین !ئــەم شوێنەرەوارەشــوم و نەگبەتەبــەهۆی مــاڵ بەجێهێــشتنی ئــافرەت ولەیــەك هەڵوەشــێنرانەوەی خێــزان پەیــدابوون ،کەبەدڵنیایــەوەزۆری تــریش هــەن ،بــەڵام ئێمــەوەك نمونەومــشتێك لەخــەرمانێك ئەمانــەمان لێرەداتۆمــارکردوە، لای خۆمــان دەڵـێین ئەوکەسەکەسـەئەلفێکی بەسـە،ئایائەمانەجێگەی پەنـدوعیبرەت نین بۆکەسانی ژیرومرۆڤ دۆست؟

بازگانی کردن بەئافرەتانەوە

هەرکاتێك دینداری ڕاستەقینە لەئارادانەبوولەپێش هەموانەوەئافرەتان زەرەرمەند دەبن ودەچەوسێنرێنەوە،ئەگەرسەیرێکی مێژووبکەین لە سەر دەمی عەرەبەنەفامەکاندابازاری (عکاز)بەناوبانگ بووبەفرۆشتنی کەنیزە ، لەیاسای حامورابیدامادەی (117)پیاوبۆی هەیەژن ومندالەکانی بفرۆشێت ، یان ژنەکەی بدات لەبری قەرز!تەنانەت لەدوای ئیسلام بەدوای شار ستا نیەتی ئەورووپاوئەمریکاتا(سەدەی نۆزدە)بازرگانی کردن بەکۆیلەی ڕەش وسپی باوبو!لەوڵاتی خۆشماندابەهۆی سیاسەتی داگیرکردن وشەڕی ناوخۆوبرسی کردن بەهەزاران ئافرەت لاشەی خۆیان فرۆشت لەپێناوی پاروەنانێك ،دیارەجۆرەکانی بازرگانی کردن بەئافرەتان هەرسەردەمەو بە شێوەیەکەولەگۆڕاندایە،ئێستابەهەزاران ڕۆژنامەوگۆڤاربەوێنەی لەش ولاری ئافرەت دەڕازرێنرێتەوە،یان لەژێرناوی چالاکی هونەری دەیان هەزارفلیمی سێکسی وسینەمایی وتەلەفزیۆنی تۆمارکراوەولەبازاڕەکانی جیهاندابازرگانیان پێوەدەکرێت،یان هەزاران شریت بەدەنگ وڕەنگی ئافرەت تۆمارکراوە،وەسەدان پێشانگای جل وبەرگ بۆئافرەتان کراوە تەوەبۆمەبەستی بازگانی ،وەدەیان(یانە)ی سێکسی کراوەتەوەجگەلەوەی هەزاران کارگەبەووزەوتوانای ئافرەتان بەکرێ یەکی کەم بەڕیوەدەچێت لەکاری سروشتی خۆی کەدایکایەتیە دوورخراوەتەوە،ئایالەمەزیاتردەبێت چی بێ؟بەداخەوەئەم هەمووپێشێلکاری یەلەژێردروشمی ئازادی وسەر بەستی ویەکسانی ئەنجام دەدرێت،چەوسانەوەلەوەزیاتردەبێت چی بێ

کەئیشی پیاویشی پێ بکەیت وکاری خۆشی لەوێ بۆستێ جێگەی بەزەییەکەئافرەتان زۆربەم شێوەیەسەرگەردان بوون ودواڕۆژێکی تاریك لەبەردەمیاندایە،کورتەی قسان ئەوەیەکە:

1–ئـــافرەت کاتێـــك لەبەرنامـــەی خـــوالادەدات بـــەدروشمی بریقەدارفریودەخوات،دوچاری چەوسانەوەوئابڕوتکان وزەبوونی دەبێ!

2–زۆرجار بەناوی دینەوەبێدین کراوە!موسوڵمانی دوورلەئیسلام بەناوی دینەوەســـتەمیان لـــەئافرەت کردوەلەمافـــەڕەواکانی بێبەشـــیان کردوە(لەهەڵبـژاردنی هاوسـەردا،لەدەربڕینی بیروڕا،ڕێگەنـدانی بەخوێنـدن فێربوون،بەسوك سەیرکردنی و...)

3ـــ لـەم لاشـەوەبەناوی ئـازادی ویەکـسانی ومـافی ئافرەتـان وچـی وچـــیەوەئافرەت کڵـــۆڵ گـــیرۆدەی دەردی لـــەئافرەت شـــۆران وچەوسـاندنەوەوئابڕوتکان بووە،بەمــەردی ئەوکەسەچـوەکە(لەکۆلکــەی ڕەیەوەبەسەری بەرزای داکەوت)

4–لەکاتێکـــداحکم وبەرنامـــەی ئیـــسلامی بەشـــێوەیەکی ڕاســـت بەڕیوەببرێ،مەسـەلەیەك بـەناوی (کێـشەی ئـافرەت)لـەئارادا نـابێ.هیـوادارم گەنجـەکانمان لــەئافرەتان بــزانن ئەودروشمانــەی کەئێــستابانگەشەی بـــۆدەکرێ(ســـەرابەیان ئـــاوە)!بـــەرەوکوێیان دەبات؟لەســـۆنگەی ڕێزودڵــسۆزیمەوەبۆڕۆڵەی مـــسوڵمانان بەپێویـــستم زانـــی بـــەکورتی ئاماژەبەومەســـەلەیەبکەم چـــونکەبەناوی کێـــشەی ئافرەتانـــەوەزۆرێك لەگــەنجان فریـودراون بۆئــەوەی بـزانن کەمەســەلەکەبازگانیەبۆتێرکردنی ئارەزوەکانیان بەناشەرعی پاشان بۆبەدەست هێنانی ماڵ وسامان

ئافرەتان دەبنەسوتەمەنی بازرگانی بەدڕەوشتی

بازرگـانی بـەمرۆڤ لەشـێوەی کەلوپـەلی بازرگانیداوەکومـەڕوبزرن کـڕین وفرۆشنتی پـێ بکرێت گـەورەترین سوکایەتی کردنەبەمرۆڤایـەتی !!بـەڵام سـوکایەتی وبێڕێـزی لـەوش گەورەترئەوەیەکەئەوبازرگانیەبۆمەبەسـتی کـاری سێکسی وبەدڕەوشـتی بێـت!ئـافرەت بکڕدرێـت وبفرۆشـرێت بـۆ ماوەیەك تەنهابۆتێرکردنی ئارەزووی ئاژەڵانەبێت...!دوای هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ساڵی 989 زاینی شوێنەوارێکی ئابوری خراپـی جێهێـشت ، کـە بوبەڕێخۆشـکەرکەرێك بۆئەوبازرگانیەی،کەئارەزومەنـدانی سێکسی ئەوروپی ئەوهەلەیان قۆستەوەوبەبردن وکڕینی کچانی سۆڤیەت بۆبازاڕەکـانی سێکـسی لەئەوروپائـەم بازرگانیەبەشێوەیەك پـەرەی سـەند کەڕێـــژەی کارەکەلەئـــەوروپای خۆرئاوالەســـفرەوەبەرزبۆە(000-80) تاسـاڵی995 زانـینی تەنهالـەماوەی شـەش سـاڵ دا دوای ڕوخـانی بلـۆکی ڕۆژهەڵات!!وەبەردەوام لەبەرزبونەوەدابوتاگەیشتەزیاترلەنیوملیۆن !ئەوەی سەیروســەمەرەیەلێرەداکەئەم بازرگانانەپۆلیـسیش ڕێگریـان لـێ ناکـات وکارەکەیان زۆرفراوان بوەوچەندین کۆمپانیاکاریان بۆدەکات لە پایتەختـە کانی ئەوروپا!!..(بۆلهۆلمس) کەسەرۆکی لەناوبردنی ئەم بازرگانیـە بوو ساڵانی(997بۆ2002) لەستکۆتلانددەڵێ:پێنج ساڵ پێش ئەم بەروارەئـەم بازرگانانەلەلەندەن کەم بوو،بەڵام ئێستالەگەڕەکەسورەکانی لەندەن (80٪) ناوچەکەپیك دێنن کەپڕیەتی لەمەلهاوشوێنی بەدڕەوشتی بازرگـانی کـڕین وفرۆشـتنی ئافرەتـان:!ئـەم بازرگانیەئەوەنـدەفراوان بوەکەداناپۆشـرێت

تەنانــەت پۆلیــسی نێودەوڵــەتی (ئینتــەرپوڵ)ڕایگەیاندوەکــەخێراترین جۆرەکــانی تــاوان لەجیهانداکەبــەزۆری گەشــەدەکات وبڵاودەبێتەوەئــەم بازگانیەیــە!!وەڕێکخــراوی نێودەوڵــەتی دەڵێــت:ئەمەبۆتەبازرگانیــەکی جیهانی کەنرخەکەی دەگاتەمەلاین دۆلار!دوای هەست کردن بەمەترسی زۆری ئــەم بازرگانیەلــەماوەی دوســاڵ ونیــوی ڕابــردودا(چــل دەوڵــەت لەئەمریکاوئەوروپاپەیمانی لەناوبردنی ئەم کارەیان واژۆکرد کەبەوپێیە ئابڵوقەیــەکی ئــابووری دەخەنەســەرئەوحکومەتانەی کــەهاوکاری بازرگــا نــەکان دەکــەن وەبەنــدکردن بۆمــاوەی هەشــت ســاڵ بۆهــەرتاوان بارێــك لەوبازرگانانە،بــەڵام فریــای هــیچ ناکەون،بــەجۆرێك کــەوەك مەســەلە کوردیەکــەی خۆمــان یــان بەســەرهاتوەکەدەڵێت:(تاخــاوان مــاڵ دزی گرت،دزخاوەن ماڵی گرت).سێ ڕێگەی سەرەکی هەن بۆئەم بازرگانانە یەك ڕێگــەی بــەڵقان بۆئیتاڵیاویۆنــان دووڕێگــەی بــەڵتیق کەلەڕوســیاو ئاســیا درێژدەبێتەوەتافیلەنداوئەڵمانیا،سێیەم: ڕیگــەی دەریــای ســپی ناوەراست کەلــەباکوردی ئەفریقاوەبۆئیــسپانیاوئیتاڵیا...پــسپۆڕی (ئینتــەرپوڵ) لــە بازرگــانی بەدرەوشــتیدا(هــامش مــاکۆلۆ):دەڵێــت:تۆرەکــانی ئــەم بازرگانیــە لەتوانایاندایەداواکاریــەکانی هــەرئافرەتێ جێبــەجێ بکــەن لــەماوەی دوو ڕۆژدالــەوڵاتی بەڵقانەوەبۆلەنــدەن.تۆرەکــانی ئــەم بازرگانیــەدەڵالی زۆرچاك وریایان هەن بۆهاندانی وهەڵخەڵەتاندنی ئافرەتان،لەیــەکێك لەفێڵــەکانیان (500)دۆلار دەدەن بەسەربازەکانیان لەبری هەرئافرەتێك کەبۆیان حەواڵــە دەکەن،بەتایبــەت ئەوســەربازانەی کەلەوڵاتەهــەژارەکانی وەك مۆڵــدافیایان لــــەوڵاتی شەڕوکارەســـاتی وەك کۆســـۆڤا.چـــالاکی ســـەربازیان هەیـــە

(هیلفاکۆنـــداد)کەماوەیـــەك سەرپەرشـــتیاری لـــەناوبردنی ئـــەم بازرگانیەبوولەیەکیـەتی ئـەوروپادەڵێ:تەنهالەمۆڵدافیاسـەدان نوسـینگەو بریکاری خڵەتاندن وناردنی ئافرەتان هەیەبۆئەم بازرگانیە!وەدەڵێ:جوانی هۆکـاریکی سـەرەکیەبۆجموجۆڵی ئـەم بازرگانیە،وەهەنـدێ جارکـچە جوانـەکان دەڕفێـنن لـەئۆردوگاکانی پەنابـەران وەلەگونـدەکانیش دەگـەڕێن بۆکـچی جـوان!وەئـەوەی زیاترکارئاسـانی کردوەبۆئـەم بازرگانیەوپێـشی خـستوەئەوەیەسنوری ولاتەئەوروپیـەکان زۆربـەی کـات کراوەیـە،دەتوانی بەگوزەرنامەیـەکی تەزویرپێیداتێپـەڕی،یان وەك کـوردێکی لای خۆمـان فانیلەی عەلاگـەودەرپێ قۆڵەیـەکی لـەپێ کردبووتوتکەسـەگێکی لەباوەشـی دانابوولەناوشـەمەندەفەرەکەدائیترکەس لێـی نەپرسـی بـوو!یـان بـەپارەو بـەرتیل دەردەچـێ یـان لەخاڵەسـنوریەکان کابینـەی پەیوەندیـەکان هـەن کەبونەتەمەلهاوتاترۆخانەلەڕێگـەی ئەوانـەوە دەرچـون زۆرئاسـانەلەنێوان وڵاتەئەوروپیەکاننـدا!!وەئێـستائینتەرنێت بـەکاردێنن بۆڕاگەیانـدنی نـاوی کـچان وسـەرنج راکێشانی کڕیارەکـان ، ئینجالەبەرانبەرگەیانـدنی ئافرەتـە کەبۆئەوروپاجگەلەلـەش فرۆشـی ئـەبێ زۆرخـۆی مانـدووبکات بـۆپڕ کردنەوەی قەرزەکانی گەیاندنی بۆئەو شوێنە، دیارەئەوکات زۆرپەشیمان دەبێتەوەبـەڵام تازەسـوودی نیەپەشـیمانی ، جالـەکۆتایی فلیمەکـەدا تەنهائافرەتان دەبنەقوربانی کارەکەوسوتەمەنی بازرگـانی یەکە، وەمـەلهاو شوێنەبەدڕەوشـتیەکانیش زۆرتـرین سـەرمایەو قازانجیـان دەسـت دەکـەوێت،000، کارەسـاتێکی تـری ئازادیـە ڕەهاکـانی خۆرئاوایـە کـەکار بەدەسـتان ئەوڕاگەیاندنانـەی خۆیـان دەسـەپێنن کەگوایەئەوئافرەتانـەی

بەئازادی خۆیان لەش فرۆشیان هەڵبژاردوەپێش ئەوەی بێن بۆئێرە!!دان نانێن بەبازرگانی ئافرەتان ولەش فرۆشی...! ئەمەلەکاتێکدا کەئەمریکاو ئەوروپالاڤ پێشکەوتن ودروشمی(یاساوماڤ مرۆڤ)جیهانی پڕکردوەبەڵام ناتوانێت زاڵ بێت بەسەرئەم بارە ناهەموارەدا کەهەرچەندەزۆرهەوڵی بنەبڕکردنیشی دەدەن،تەنانەت ساڵی 998 لەئیتاڵیابەرنامەیەکیان دانابۆپاراستن وچاودێری ئەوئافرەتانە،بەڵام لەئەنجامداکێشەیاساییەکان زیادیان کردبۆچوارئەوەندەی جاران!! دوبارە(ماکۆلو)دەڵێ لەم دوساڵەی دوایدابەرزبونەوەی کتوپڕوبەرچاوی بەخۆوەبینی لەهاتنی ئافرەتان تەنانەت خۆشاردنەوەیان لەماڵ و خێزانەکانیان کەپێشترلێوەی هاتون پەیوەندیەکانیان پچڕاندوە چونکە کارەکەیان ئەوەندەقێزەونەناتوانن پەیوەندی بەکەس وکاریانەوە بکەن ئیتربائەوولاتەچاوێك بگێڕن بەوڵاتی خۆیاندالەوەی کەڕوودەدات...، زورناکانیان لەدەمیان بکەنەوەدەمیان داخەن لەتۆمەتبارکردنی وڵاتانی ئێمەناوچەکانی ئێمەپاکن لەوجۆرە نەخۆشیانە،ئەوەندەی کەهەشەئەوان ناردویانەبەدروشمەدرۆینەی ماڤ مرۆڤ وئازادی دەست دەخەنەکاروباری وڵاتانەوەورێزی ئافرەتیش ئەوە بووکەئاماژەم پێدا!!!

(گەل کەبێبەش بوولەڕوشتی بەرز...گەرلەئاسمان بێ ئەگاتەسەرئەرز)

ئەگەرمام گورگ شوان بێت ـــــ دەبێت حاڵی مەڕەکان چۆن بێ..؟

پۆلیسی نێودەڵەتی (ئینتەرپول)بێزاری خۆی دەربڕیوە،سکاڵادەکات لەپەرەسەندنی بازرگانی بەدڕەوشتی لەئەورپاکەبۆتەبازرگانیەکی جیهانی ساڵانەخەرجیەکەی حەوت مەلاین دۆلارەوکۆنترۆڵکردنی ئەستەمە..! (ماکسپیتەر)گەورەلێپرسراوی پۆلیسی هۆڵەندا–بەشی لەناوبردنی تاوان –دەڵێت:سزای بازرگانی سێکسی هەندێك جاردەگاتە(10)ساڵ بەندکران لەگەڵ ئەوەشدالەسەرژمێری ساڵی (997) داچواربەرانبەر بازرگانیەکە زیادی کردوە،تەنانەت لەساڵی رابردودا(186)ئافرەت بونەتەقوربانی تاوان بارانی سێکسی،لەدرێژەی دان پێدانەکانی دەڵێت کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیەزۆرئەستەمەچونکەتاوانەکەلەناوخودی دەرگای پۆلیس لەزیادبوندایە!!!بەڵام کام پۆلیس؟ئەوپۆلیسەی کەئەرکی چەسپاندنی دادوەریەو بەرگی یاسای لەبەرەودوورەلەهەموبیروڕایەکی ئاینی، درور لەڕەوشت وبەهای مرۆڤایەتی چونکەبەدرۆخستنەوەی دین لەژین ،ژیان دەبێتەمەرگەسات ،بۆیەئەوپۆلیسە(گورگەو لەپێستی مەڕدایە) هەر لە درێژەی قسەکانیدا(پیتەر)دەڵێ بەهۆی نەبوونی هۆکاری ئاینی کۆنترۆڵ کردنی دیاردەکەزۆرگران بووەوبەندیخانەش چارەسەری نیە...،ئێستاش سەرنج بدەن لەکچەقوتابیەکی جوان کەبەم شێوەیە بەسەر هاتەکەی بۆمان دەگێڕێتەوە،لەقوتابخانەهاتمەوەدەرەوە بەرەو ماڵ، لەڕێگا سەیارەیەکی (مافیا)ی بەزۆرفڕاندمی وبردمیەشوێنێکی تایبەت وماوەی(15)ڕۆژ لە ژورێکدابەندی کردم وبەردەوام بەدڕەوشتی لەگەڵ ئەنجام دەدام...، لەو

ماوەیــەداتوانیم لەڕێگەیەکەوەپەیوەنــدی بکــەم بەبنکەیــەکی پۆلیــسی ناوچەکەوهاتن دەوری ماڵەکەیان داوڕزگاریان کردم،ئیتربردیانم بۆبنکەی پۆلیس و وامزانی کەڕزگارم بوو بەڵام کوردواتەنی(لەکۆلکەی ڕویەوە بە سەربەرازی داکەوت) پۆلیسەکان بەپێی یاسا(15)ڕۆژی ترمنیان هێشتەوە بەبیانوی لێکۆڵینەوەوبەدواداچاون لەشوێنێکی ترپێشتریەك دووکەس دەســت درێــژیان دە کردەســەرم،بەڵام لەبنکــەی پــۆلیس ســەرجەم (یاساپارێزەکان)بەواتایــەکی ترپاســەوانانی یاسابەدڕەوشــتیان لەگــەڵ ئەنجام دەدام !!بەم شێوەیەماوەی مانگێکی خایاندبەنیوەژیان وداماوی تاگەیشتمەماڵەوە...!لێرەدادەرکەوت کەتاکەچارەسەرئیسلامەکەقەدەغەی کردوەئافرەت بەتەنیابگەڕێ،کەسێ ترسی خوای لەدڵدانەبێ لەگورگ دڕندەترە...حەڵاڵ وحەرام نازانێ لەهیچ خراپەیەك سڵ ناکاتەوە(گەردڵێك ترسی خوای تێدانەبێت کەلاوەیەکی وێرانەیە)بەڵی خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست گەرلەخوانەترسی ئەوەدەتوانی هەمووخراپەیەك بەئەنجام بدەیت وەك لەفەرمودەیەکی پێغەمبەردا(د.خ) هاتووە(اذالم تسح فاصنع ماشئت)واتە:ئەگەرشەرم لەخوانەکەی چیت حەزلێ بێ دەیکەی،ئەی کوائەوگوتەیەی دەڵێن:ئەوروپیەکان ڕۆژئاواییەکان لایەنی مرۆڤایەتیان بەهێزە...یان مرۆڤ دەپارێزن..هتد،ئەی بێجگەلەدارمانی بواری ئەخلاقی وکۆمەڵایەتی ،مەگەرئەوان نین داگیرکەرانی جیهان ولەڕووی سەربازی وبەتاڵان بردنی سەروەت وسامانی وڵاتانی ئیسلامی ،سەرباری بەتاڵان بردنی سەروەت وسامانی وڵاتانی ئیسلامی ،بەداخەوەکەزۆرێك خڵەتاون بەودروشمەبۆشە--دەنگی دەهۆڵەولەدووری خۆشە.

کۆتایی سەدەی بیستەم وزیاترچەوسانەوەی ئافرەت...!

ڕاپۆرتـــەکان وادەگەیـــەنن کەسـالآنی کۆتـایی سـەدەی بیـستەم پڕبـون لەچەوساندنەوەوپێـشێل کرانـی مافـەکانی ئـافرەت ،چـونکەئافرەتان بەهەمووچـــین وتوێژەکانیەوەتوشــــی ڕاوەدونـــان وتوندوتیــــژی بونەتەوە،ئەوەلــەوڵاتانی خۆرئاوائەینــەلای خۆمــان ڕێــزی تایبــەتیان هــەبوە(منظمةالعفوالدولیـــە)لـەڕاپۆرتێکی (135)لاپــەڕەیی دا داوالەوڵاتانــە دەکـات کەچـیترئافرەت نەچەوسـێننەوەتوندوتیژیان بەرانبەرنەکـەن مـافی ئـافرەت لــەوڵاتێکی وەك ئەمریکاکەسـاڵانەتەپلْ وزوڕنــای بۆلیــدەدات وخۆیان بەلێپرسراوی ئەم داخوازیانەدەزانن،بەڵام چەندین تیمی سەربازی دروســـت بـــوون کـــەکاریان دەســـت گیرکردنـــی ئافرەتـــانی تازەپێگەیشتوەلەنێوانی(15-20)ساڵیدابەکاریان دێنن بۆکاری بازرگانی وســـینەمایی فلیمـــی جـــنس...،وەك ئـــەوتاوانبارەی کەســـاڵی (993)لەئەمریکادەســــــتگیرکراکە(13)کــــــچی منــــــــداڵکاری ڕفاندبوولەشـــەقامەکانی ئەووڵاتەلەشـــوێنێکی تایبـــەتی خـــۆی لەدارســتانەکانی ویلایــەتی(کالیفۆڕنیــا)ودوای بــەکارهێنانی لــەفلیمی سێکسی داکوشتبونی لاشەکانیانی فڕێدابوون...ئەم کارەوچەندین کاری لەوجۆرەکـەخۆی بەشـای شارسـتانێتی ودیموکراسـیەت دەزانـیْ وەخـۆی بـەپارێزەری مافـەکانی مـرۆڤ دەزانـیْ!!ئـەوخوێن ڕشـتن وداگیرکاریـەی وڵاتـانیش بابوەسـتیْ کەبـەناوی شـەڕی تیرۆرەوەدەیکات بۆپـاوەن کردنـی جیهان،وە هەمان ڕاپۆرت دەڵیْ:ئەوئافرەتانـەی کەلەشەڕدابەشداری ناکـەن

بیٚ پشتیوان دەمێننەوە،لایەنەشەڕەکان دەست گیریان دەکەن ودەست درێژیان دەکەنەسەروپاشان ئاوارەدەبن وپۆلیسی سەرسنورەکان هەمان کاریان لەگەڵدائەنجام دەدەن!دیسانەوەتوشی بیٚ کەس وبرسیەتی دەبنەوە،وەك ئافرەتان ومنداڵانی بۆسنی وکشمیرکەلەلایەن ڕژێمی ستەمکاری صربی سیخی هیدنیەوەچی نەمالەگەڵیان نەکریٚ ڕاپۆرتەکەی ڕیکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دوبارەدەڵیٚ 80٪ی ڕێژەی ئاوارەئافرەت ومنداڵن چونکەئەوان ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن ناچارهەڵدێن وئاوارەدەبن لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەدادەڵیٚ:ئەگەروڵاتانی جیهان پابەند نەبن بەپاراستنی مافەکانی ئافرەتان ئەواسزای ئەولاتانەدەدات کەمافەکانی پێشێل دەکەن،وەدەبێت ئەمریکاسزای خۆی بدات لەپێش هەموان چونکەسەرچاوەی تیرۆرودەستگیرکردنی ئافرەتانەلەجیهانداو وەیەکەم سەرچاوەی بازرگانیەبەئافرەتەوە،وەیەکەم بەرهەم هێنەری فلیمی جنسی وداهێنانی کاری فاحیشەولەجیهانداکە(5)ملیۆن ئافرەت تیایداسەرگەرمی کاری خراپەکاری ولەش فرۆشین!!سەیرلەوەدایەکەحکومەت بەکارێکی ئاسایی ویاسایی ئازادی لەقەڵەم دەدات چونکەئابوری وڵات بەرەوپێش دەبات!!ئەمەیەبەرهەم ودەرهاویشتەکانی پێشکەوتن وشارستانیەتی ئەمریکا، سەرلێشێواوانی لای خۆمان بەناوی ماف ئافرەتانەوەبانگەشەی بۆدەکەن!لەکۆتایدادەڵێم ئاقلٚ ئەوکەسەیەپەندلەغەیری خۆی وەردەگریٚ ئێوەش سەرنج بدەن لەسەرەنجامەکانی ئافرەتانی خۆرئاوائاخۆبەرەوکوێیە؟

سـفوری (ڕوتی ئافرەتان)

سفوری کـەزادەی ڕۆژئاوایـە بۆموسڵمان نـەگونجاوە وناڕەوایە،بەداخـەوە بـۆ ئەوانــەی موســڵمانن کەشـوێنکەوتەی ڕێبــازی بێبـاوەڕانن!بـەناوی پێـــشکەوتن ومۆدیـــل وچـــاولێکەری،بێئەوەی بیربکەنـــەوە لـــەوەی بۆیانگونجاوەیـان نا،حەڵاڵـە یـان حەرامە،چـون ئـەوەی پێچەوانەی شـەرع بێـت ڕەتکراوەیـە وەك چـۆن لاشـەی تەندروسـت وسـاغ میکـرۆب وشـتی نـامۆقبوڵ ناکـات،دەبێ کەسـێتی موسـڵمان بەهێزوپێـشەنگ وسەرمەشـق وســـەربەخۆبێت،نەك پاشـــکۆوکارلێکراوبێ،جێگەی داخ وسەرســـوڕمانە بۆوئافرەتــەی موسـڵمانە هـەڵگری شـێوازی بـەرگی بێباوەڕانـە! بەبـەرگی ئـاڵووالآی سـەرنج ڕاکـیش یـانکورت وتـەنك وتەسـك وەکپـانتۆڵ شـەنتۆڵ وتەنـدورە وسێـچارەگ...،کەوێنـەی ئەنـدامی جەسـتەیان دەردەخات،یـان ئەوەنـدە تەنکـە گۆشـت وپێـستی دیـارە!یـان تەقـەی قۆندەرەوخرینگـەی ئـــاڵتون بۆئـــەوەی لابکەنـــەوە بەلایـــدا جگەلـــەبۆن وبەرامـــەی لەڕادەبەدەر،کەئەمانـە بۆبێگانـە حەرامـە، بەداخـەوە کەئـەوانیش بـەزۆری بۆبێگانە خۆیـان ئارایشت دەکـەن بەپێچەوانەی سوننەت!کەئەوەش دورە لەنـەریتی کوردایـەتی وئیـسلامەتی کەلەڕاسـتی دا کوردایـەتی بەشـێکەلە ئیسلامەتی، سەیرە بۆخەڵك ئەژی وخۆی بۆئەڕازێنێتەوە لـەجیاتی ئـەوەی بۆپیاوەکـــەی بێـــت، لەلۆمـــەی خـــەڵك ئەترســـێ لـــەجیاتی ئـــەوەی لەخوابترسـێ،خەڵك ڕازی دەکـات لـەجیاتی ڕەزامەنـدی خـوا...! ئەوانـەن کەپێغەمبـەری خـوا(ρ) لەبارەیانـەوە فەرموویـەتی(کاسـیات عاریـات)

داپۆشراون بەڵام ڕوتن لەبەرتەسك وتروسكی جلەكەی یان كەموكورتی وەك تەندورەوپانتۆڵ یان لەبەرتەنگی وەك جلەكوردیەكانی ئەمڕۆ..بەڵێ فیتنەی ئەوانەگەلێگەورە وگرانەبۆتێك دانی كۆمەڵگاوبۆیە پێغەمبەرρ فەرمویەتی ئەوانە ناچنە بەهەشت(لایدخلن الجنە...) وەبۆنیشی ناكەن كەبۆنی بەهەشت ئەوەندەساڵ ڕێ دەڕوات(پەنابەخوا)

زیانەكانی سفوری :

1ـ دەبێتە فیتنەبۆپیاوان كاتێ لەش ولاری جوانی دەردەخات ..،دڵی پیاوتێك دەدات وناچارپێكەنین ولاوانەوەو تێكەڵاوی تادەگاتە مەوعیدوتەسلیم بوون بەشێوەیەی ناشەرعی .

2ـ نەمانی شەرم حیالای ئافرەت، لەكاتێكدائافرەت بە جل وبەرگ وشەرم وحەیاوڕێزە وە جوانەو نمونەی پێ دەهێنرێتەوە كەوتراوە: (وەك بووكی ناوپەردە بەشەرم وحەیایە) نەمانی شەرم وحەیاش واتە نەمانی ئیمان ودەرچوونی لەسروشتی مێیینەی خۆی.

3ـ لەكاتی ڕوتی وتێكەڵی ئافرەت لەگەڵ پیاواندا خۆی بەیەكسان دەزانێ وهەرچی ئەوان بیكەن ئەمیش دەیكات ئەوكات فیتنەوفەسادی وخراپەكاری دروست دەبێت،هەرچەندەلەمرۆڤایەتیدا یەكسانن بەڵام دووڕەگەزی جیاوازن .

جائەی سەرپەرشتیارانی ئافرەتان: ئەوەتاخوای گەورە بانگەوازدەكات لەباوەڕداران كەخۆتان وماڵ ومناڵتان بپارێزن لەئاگرێك كەسوتەمەنیەكەی خەڵك وبەردە﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراًوَقُودُهَاالنَّاسُ وَالْحِجَارَةُ..﴾ خەلیفەی ڕاشدپێشەواعەلی(ڕەزای خوای لێبێ)لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا

دەڵێت:(علموا انفسكم واهليكم الخێر)واتە:خۆتان وخانەوادەتان فێری خێربکەن،چاکترین خێروچاکەش ئەوەیە کەلەسەر ڕەوشتی بەرزو جوان پەروەردەیان بکەین،فێری یاساکانی شەرعیان بکەین تاکو ڕۆشنبیروتێگەیشتوبن،بۆئەوەی لە ئاگری دنیاودواڕۆژپارێزراوبن.

ئەی باوکانی موسڵمان :

ئایادەتەوێ کچی جگەرگۆشەت بچێتە ناوئاگر؟

ئایاحەزدەکەی کچەکەت جل وبەرگێکی لەبەردابێت کەشەرم وحەیاو ئابڕوی تیانەبێت وحەیاوحورمەتیش نیوەی ئیمانە ؟

ئایاڕازی دەبی کچەکەت ببێتە پێشانگای جل وبەرگ وەك کاڵای بازاڕلە بەردەستی هەمووکەس دابێت وسەیری بکەن وبەکاری بێنن؟

ئایاڕازی دەبی لەڕێبازی ئاینی باوك وباپیرانت دەربچێ وبەناوی مۆدێل وئازادی ودیموکراتییەوە بچێتە سەڕێبازی گاوروجولەکە وببێتە کەسێکی ڕۆژئاوایی یان ئەوروپی؟ کەئەوان دژی تۆن؟

ئایانازانن کەلەڕۆژئاوا ئافرەتانیان بەهۆی شەپۆلی لافاوی بەرەڵاییەوە بونەتە بوکەشوشەی دەستی مناڵان ووەك سەرئاوبونە شوێنی خۆخاڵی کردنەوە وسەرچاوەی نەخۆشی ئایدزو زوهری ژیانییان لێ بووە بەژان؟

كَذَلِكَ الْعَذَابُ وَلَعَذَابُ الآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ.

شاعیرجوانی وتوە:

میوە گەرتوێکڵی نەبێ مێش ومەگەزدەوری دەدەن

پرتەقاڵم خۆش دەوێ پاك وخاوێن و گوڵ بەدەن

ئافرەتیش هەروایە بەرگی عیففەتە جوانی دەکا

زیانەکانی تێکەڵاوی کوڕان و کچان

شاراوەنییە لای مرۆڤی ژیر کەتێکەڵاوی ڕەهای نێر و مێ زیان بەخشە ومەترسیدارە بۆ هەردولا ،وڵاتانی خۆرئاوا تازە بە تازە هەست بەو زەرەر وزیانە دەکەن کەلەئەنجامی تێکەڵاو کردنی کوڕان و کچان لەدام و دەزگاکان بەتایبەت لەقوتابخانەکان بەدابەزینی ئاستی زانستی خوێندکارەکان ،بەناچاری ئێستا هەوڵ دەدەن کەجودایان بکەنەوە لەزانکۆ و پەیمانگاکاندا ،زۆر لەو کەسانەی کەسەفەریان کردووە ئەم جیاکردنەوەیان بینیوە ، لەوانەمامۆستای پەروەردەیی (ئەحمەد مەزهەر)کە وەك نوێنەری پەروەردەی سوری لەسەردانێکی زانستیدا بۆ وڵاتی بەلجیکا هەندێ لەقوتابخانەکانی ئەو وڵاتەی بەسەرکردەوە،لەیەکێك لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا پرسیاری لەبەڕێوەبەرەکەی کردبووبۆچی لەم قۆناغەدا جوداتان کردونەتەوە ؟ لەوەڵامدا وتی پێشتر دوچاری زیانی زۆر بوین بەهۆی تێکەڵاوییەوە ،لەئەمریکا زیاتر لە (170) بەشی زانکۆی ئێستا کوڕو کچ بەجیا دەخوێنن ، ئەمەش لەئەنجامی ئەو ماڵ وێرانیەی کەبەهۆی تێکەڵاوی ئاژەڵیانەوە دوچاری بوون ! بەگونجاوی دەزانم کەئەو پەندە کوردییە بهێنمەوە کەدەڵێ : (ئەوەی کەبەبێوەژنی دەیکەی بەکچی بتکردایە)..، گەورەیی لەوەدایە کەدوژمنان شایەدی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن :– نوسەری ئینگلیزی (الدیکوك) دەڵێ : تێکەڵاوی ژن و پیاو لەدام و دەزگاو قوتابخانەکاندا منداڵی بێ باوك و گەندەڵی ئیداری و فەسادی ئەخلاقی زۆری لێ کەوتۆتەوە،چونکە سروشتی کوڕ و کچ وایە لە منداڵیدا

حـــەز بەتێکـــەڵی یـــەکتر ناکـــەن ، کەگـــەورەش بـــوون بـــەهۆی حـــەزوو ئارەزویەکەوە گەر کوڕێ تێکەڵی کچان بێ پێی دەڵێن کچانی یان ژنانی وە بەپێچەوانەشەوە،ئەوەیش نوسەری بەناوبانگی عەرەبی (ئیحسان عەبدول قـودوس) کەسـەردەمێك بەنوسـینەکانی دنیـای پڕکردبـوو بـە بانگەشـەی ڕووت کردنەوەی ئافرەت و هاندانیان بۆ تێکەڵاوی ژنـان و پیـاوان لەیانـەو ئاهەنگـەکان ودامودەزگاکـان..،ئێـستا لەچـاوپکەوتنێکی دالـە ڕۆژنامـەی (الانباء)ی کوێتی لە989/1/18 لەگەڵیـدا ئـەنجام درابوودەڵێ: کـاری هـەرە گرنگی ئافرەت بەڕێوە بردنی ماڵ ومنداڵە، وەدەڵێ ئەگەر خێزانەکەم نەبێ ، من ناتوانم پاراستنی خێزان و ئارامی و سەرکەوتن بەدەست بێنم چونکە خۆی یەکلایی کردۆتەوە بۆکاری ماڵەوە پاراستنی خێـزان وتـی:حەوانـەوە بۆ هەموان ،واتە پەروەردە کردنی نـەوەی دواڕۆژ.، ئەمـەو دەیـان لـەزانایان و دانایان دانیان بەمەترسی تێکەڵاوی دا ناوە کەچۆن کۆمەڵگا دەڕوخێنێ دوچـاری سـەدان نەخۆشـی دەکـات کـە ئایـدز ئاسـانەکەیانە پێـشینانیش وتویانە (سەد حەکیم بەقەد دەردەدارێ نازانێ) لێرەدا گەورەیی یاساکانی ئیـسلام دەردەکـەوێ کەئـەم دیاردەیـەی حـەرام کـردووە ، تـەنها لـەکاتی یۆیـستدا نـەبێ ئـەویش بەمەرجـەکانی خـۆی ،لـەپێناوی پاراسـتنی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی لەفەسـادی ئـەخلاقی...دوای مـاڵ وێرانـی وڵاتـانی ئـەوروپا و ئـەمریکا لـەبواری کۆمەڵایەتیـەوە بەداخـەوە تـازە لای خۆمـان خەڵکانێکی ئارەزو باز و کەم ئەزمون بانگەشەی تێکەڵاوی کوڕو کچ دەکەن لە قوتابخانـەکان، وادەزانـن مـافی مـرۆڤ ویەکـسانی لەوەدایـە!!گـەر لەناخـەوە قەناعەتیـشیان بـە ئـاینی ئیـسلام نـەمابێ بـا پەنـد لـەو ڕوداوانـە وەربگـرن و

بەقسەی زانایان ودانایان بکەن و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی بخەنە سەروی حەزو ئارەزوی تاکە کەسییەوە یان سەپاندنی ئایدیای حزبێك .

تێکەڵی کوڕوکچ لە پێناوچی؟!

خوێندکار کەدێت بۆزانکۆبۆچی دێت؟خۆئەگەرمەبەست لەهاتن بۆزانکۆ ئەوهەراو هوریاو زەردو سوروئاڵووالآیەبێت ئەوادەکرێت مرۆڤ لەشوێنی لەوەچاکتربگەڕێت بۆئەوکارە،تۆکاتێك دەڵێیت (زانکۆ) کەسی بەرانبەریەکسەرگوێت بۆدەگرێت!ئێمەلەدەرەوەدەڵێین زانکۆمان هەیەولآتان سەریان سوڕدەمێنێت چون ئەمەکارێکی گەورەیە،بەلآم ئاخۆناوەرۆکی زانکۆلەئاست ناوەکەیدایە یان خەریکەببێتەجێگای (کەپلآندن) وبەس!تێکەلآوی کوڕوکچ لەوەدانەماوەمن بڵێم باشەیان خراپە چونکە پلانی بۆداڕێژراوەو دەبێت وابێت!بەهەرحاڵ ئەم نوسینەبۆکەسێکە کەدەبیستێ وگوێدەگرێ(لمن کان له قلب أوألقى السمع وهو شهيد):

یەکەم/ کوڕوکچ دوومەخلوقی خوان کەبێیەك نایانکرێت بۆتەواوکردنی ژیانی یەکتردروست کراون، یان دەبێت ئازادبکرێن لەگەڵ یەکتر چی دەکەن بیکەن لەدوای مارەبڕین وەکوشەرع ڕێگەی داون، یان نابێت پێکەوەبن لەشوێنێك داوەك لە شەرعدا هاتووە، ئەمەتەنهائەوەنی یەتۆبڵێیت ئەمە شەرعەوکۆن بوە،بەڵکوئەمەناخی مرۆڤەکان وادەڵێت ئەوانەی کەدەڵێن ئازادی وسەربەستی ئافرەت و...هتد،ئایا ئامادەن کچ وخوشکی خۆیان بدەن بەدەست کەسێکەوەچی دەکات بیکات؟ دڵنیام کە کەسیان وەهانین.

دووەم/ ئـەم تێکەڵاوییـە بـێ یاساوڕێسایە ئازارەبۆدەروونەپاکـەکان خـەم زیادکردنیـشەبۆدەرونە پیـسەکان،تۆلەکۆمەڵگەیەکدا دەژیـت بـەهاوغیرەت وشـــەرەف وناموســـی تێدایە،کەســـی ئیدیعاکـــەری ئـــازادی ئـــافرەت لەهەمووکەس زیاتر پێوەپابەندە، بەڵام تەنها وەکوخوشك وبرایـەکی خۆی نەك هی من وتۆ ...!

سـێ یـەم/ هـیچ قازانجێـك لەتێکـەڵکردنی کـوڕوکچ دانییەلـە شـوێنێکی وەکوزانکۆوپەیمانگاکانـدا ڕەنگـە یـەکێکی (سـۆپەرمان) بڵێـت ئـەوەنی یەزانـست پێـشکەوتوە؟ دەکرێـت بڵـێین زانکـۆ لای ئێمـە تـەنها کـات بەسـەربردنە،ئەوتەمەنەی مـن لەزانکۆدەیبەمەسـەر نیوەشـی زیـادە بۆئەوعیلمـەی کـەمن پێویـستمە چـونکە مـن کـارم موحـازەرە لەبەرکردنەوبەس !.

بـەدەردی فـاروق ڕەفبـق ووتویـەتی : زانکۆتەنهابووەتـە جێگـەی شـەهادە بەخشین!.

خوێندنەوەك بۆڕۆژی جیهانی ئەیدز......AIDS

ئەیـدز دەردێکـی بێدەرمانـە,کەلەڕێگـەی ڤایرۆسـی(HIV) مـرۆڤ توشـی دەبێـت وبەهۆیـەوە سیـستەمی بـەرگری لـەش لەبەرانبەرنەخۆشـیدا تێـك دەدات،ئـەم پەتاکوشـندەیەلە(981/12/1)لەئـەمریکا دۆزرایـەوە،(لـەولاٌتی نێربازوزیناکـاران) ڤایرۆسـی ئـەم پەتایەسـاریەوزووبلاٌودەبێتەوەونەمانی بـەرگری لەشـی لێدەکەوێتەوە،بۆیـە توشـبوانی لـە(40)ملیـۆن تێپـەڕی کـــــردووەو(25)ملیـــــۆن گیانیـــــان لەدەســـــتداوە کـــــە(26)ملیـــــۆن لەوچلەلەکیـشوەری ئەفریقیایـەو(15)ملیـۆن منـاڵی هـەتیوکردووە!ڕۆژی (14)هەزارکـەس دەیگرێتەوەکەزۆربـەیان منـاڵ وهـەرزەکارن، (./.80)ی توشــبوانی ئــەم نەخۆشــیەلەڕێگەی سێکــسی ناشــەرعیەوە دووچــاری بوون،بەتایبـەت کـرداری سێکـسی لەگـەڵ کەسـانی جیـا جیـاوجوتبونی پیاولەگـەڵ پیـاو(نێربـازی) یـان پیاولەگـەڵ ئـافرەت لەڕێگـەی کۆمـەوە یـان جــوت بــون لەگــەڵ ئــالودەبوانی ماددەهۆشبەرەکان،ســەیری کتێبــی (تەندروستی وژیان)لاپەڕە(95ـ96)بکەلـەبلاٌوکراوەکانی یونسێفەوکەهیچ پەیوەندیشی بەئیسلامی ودینـەوە نیـە بـەزمانی حـاڵ ومـەقاڵ هاواردەکـات ودەڵێت ئەوەدەرهایشتەکانی پـەتای عەولەمەودامێن پیسیەو گەرلەناوم نەبەن لـەناوتان دەبـەم،خۆتان دەڵـێن خۆپاراسـتن چـاکترە لەچارەسـەرکردن،ئەی بۆچی واناکەن؟بۆلەپێناوهەواوئارەزووبازرگانیدامرۆڤەکان قڕدەکەن؟!،لێرەدا

ئەگەرسەرنج بدەین لەهۆکارەکانی توشبونی ئەم پەتایە کەلەناوئەوکتێبەدایە،گەورەترین وانەوپەندە بۆ سەلماندنی ڕاستیەکانی دین وگەورەیی ئیسلام،کەسەرجەم ئەوشتانەی حەرام کردووە کەوەك هۆکاری توشبون بەم پەتایە لەوکتێبەداباسی لێکرایە!قورئانی قسەلەجێ لە سورەتی ئیسرا/ئایەتی(32)ئاگادارمان دەکاتەوە کەدوربکەوینەوەلەپێشەکیەکانی زیناودامێن پیسی چ جای زینا کەلەتاوانەگەورەکانەوسزای ڕەجم وحەددی بۆداناوە،تاوەکوشیرازەی خێزان تێك نەچێت وکۆمەڵگا پاك وحەیاوناموس پارێزراوبێت،دەیان ئایەت وفەرمودەلەوبارەهەن کەهانمان دەدەن بۆئەوەی بەڕاستی و بەکردەوە مرڤانەبژین جیاوازلەژیانی ئاژەڵان کەبەرپرسیرنین،تەنانەت غیرەتی ئاژەڵانیش زیناوتێکەڵاوی نادرووست قبولٚ ناکەن جگە لەبەراز کەئەویش حەرامکراوە،خۆتان زۆرجارکۆتر وچۆلەکەتان بینیوە کە پارێزگاریان لەمیینەکەی خۆیان کردووەلەوەی کەیەکیکی ترلەگەڵیداجوت بێت!سەرجەم حەرامکراوەکان بۆبەرژەوەندی ژیان وژیاری مرۆڤەکانەوەك (ماددەهۆشبەرەکان،بەراز،زینا،...) ڕۆژگار سەلماندی کە دەردوبەڵاو پەتا کوشندەکان لەئەنجامی بێفەرمانی خوایە، سەرچاوەی گرفت وقەیرانەکانیش ئەوروپاوڕۆژئاوایە،ئیترکاتی ئەوە هاتووەکەدڵنیابین لەڕاستی وچاکی وپاکی ئیشلام وگەڕانەوەبۆگوێڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگار، نەك بەندایەتی هەواوئارەزوی نابەجێ، بە خوێندنەوەی وردوزانستی بۆهەرکام لەئایدزوئەنفلۆزای بەرازوقەیرانەسیاسی وکۆمەڵایەتیەکان

دەردەکەویٚ کەئیسلام ئارامی وتەندروستی وپیٚشکەوتنەوپاریٚزەری ژیانی مرۆڤـەکانە.

سـەرچاوە

کتیٚبی تەندروستی وژیان/یونسیٚف ..HEAITH AND LIFE

چاولیٚکەری دەردیٚکی کوشندەیە :

پیٚغەمبەری پیٚشەوامان (ρ) فەرموویەتی (مَن تشبَه بقَوم فهو مِنهم)(رواه ابو داود) واتە هەر کەسیٚك خۆی بەقەومیٚك بچویٚنیٚ ئەوا ئەو کەسە لەوانە، چاولیٚکەری دەردیٚکی کوشندەی کۆمەڵگای کوردەواریمانە ، هەر شتیٚك لەدەرەوەی خۆمان ناردیان بیٚ چەندو چون وەری دەگرین بیٚ لیٚکدانەوەی چاك و خراپی ، نازانم ئەم کارە ناو بنیٚم چی ؟ زالٚ بونی فەرهەنگی بیٚگانە ویستی ؟ یان لەشتی خۆمالٚی وەڕەز بوون ؟ یان تەنها چاولیٚکەری کویٚرانەیەو بەس یان بڕوا بەخۆ نەبوون !! ئەوەی زیاتر جیٚگای داخە ئەم دەردە کوشندەیە بەنیشانەی پیٚشکەوتن و شارستانی دەزانن ! یان بە کوردایەتی لەقەلٚەم دەدەن ! کار گەیشتۆتە ئەوە کەچاولیٚکەری بیٚ بڕوایان هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە ، جاریٚك بەمۆدیٚلی چاك یان بەناوی مۆدیٚرن و نویٚ خوازی و جاریٚك بەناوی سیستمی نویٚی جیهانی و هەر جارە بەناوو ڕەنگیٚ ئەینەخشیٚنن ! ئەوەی کەجیٚگەی سەرسوڕمانە داب و نەریتی ڕەسەنی کوردییە کەزۆربەی لەئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە ، بەرەو توانەوەیە بەتایبەت جل و بەرگی کوردی پیاوان و ژنان کەساڵانە تەنها بۆ نەورۆز و بۆنەکان ئەیکەنە بەریان ، لەکاتیٚکدا لاڤی کوردایەتی

لێدەدەن ، حکومەتی کوردی و شۆڕشی کوردی ، بەڵام لەسەر دین و داب و نەریتی بێگانە ، لەکوێ عەرەبێك جلی کوردی کردەبەر ، لەشارەکەی خۆشمان بەرگی کوردی نامۆیە و بەچاوێکی سوك سەیری دەکرێ ، ئەگەر کار ئاوا بڕوات پاش چەند ساڵێك هەرکەس جلی کوردی لەبەر بکات منداڵ ئەکەوێتە شوێنی ! جگە لەکاتی نەورۆز ، ڕۆژێك بۆ شاهیدییەك چومە دادگای سلێمانی بەجامانە و جلی کوردییەوە ئافرەتێکی سفور دانیشتبوو بەفیزێکەوە وتی حاجی پەنجەو بێنە ، منیش وتم قەڵەمەکەو بێنە کاتێ ئیمزام کرد وتی ببورە دیارە مامۆستای ، وتم ئەرێ تۆ وادەزانی هەرچی ئەم بەرگەی لەبەر بوو دوا کەوتوو نەخوێندەوارە ؟ ئەمە بەرگی ڕەسەنی باوك و باپیرانتە پاشان وتم من بڕوا نامەی بکالۆریۆسم هێناوە لەبەغداد و بەم بەرگەوە شانازی دەکەم ، بەڵام تو خوا ڕاست پێم بڵێ تۆ سێی ناوەندیت بڕیوە لێرەی یان واستەیە .....پاشان داوای لێبوردنی کرد . لێرەدا دەمەوێ فەرمودەیەکی پێغەمبەرتان (د.خ) یاد بخەمەوە کە وەکو موعجیزەیەك ئێستا بەرجەستە بووە کەئەمە کوردییە کەیەتی (لەمەو دوا شوێن ڕێبازی قەومی پێش خۆتان دەکەون ، بست بەبست و گەز بە گەز ، تەنانەت ئەگەر یەکێکیان بچێتە ناو کونی سەر مازەڵەوە ، ئێوەش دەچنە ناوی)(حاکم گێڕاویەتییەوە) ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ئێستا هەمومان بەچاوی خۆمان ڕۆژانە لەناویدا دەژین ، هەر مۆدێلێك لەکەناڵە ئەوروپی و غەربییەکان نیشان درا ئەوا ڕاستەوخۆ لێرە پیادەی دەکەن ،بێ ئەوەی بیر لەئەنجامە خراپەکەی بکرێتەوە ، خۆ چواندن و لاساییکردنەوەی بێگانە کەسایەتی ئەو مرۆڤە وون دەکات

چـونکه بەچـاوی خـۆی نـابینێ و بەعـەقڵی خـۆی بـیر ناکاتـەوە ، بـەڵکو بەچاوو عەقڵ و بیری ئەوان کار دەکات ، لـە لایـەکی تـرەوە ئـەم دیاردەیـە نیـشانەی لاوازییـە چـونکە لاواز لاسـایی بـەهێز دەکاتـەوە ، لاسـایی کردنەوەی بێ بڕوایان لەجل و بەرگ و داب و نەریتیاندا سەر دەکێشێ و لاسایی کردنەوەیان لـە بیر و باوەڕ و بیرۆچکەکانیاندا . بەڵام فەرمودەکە لاسا کردنەوەی بێگانە لەپیشەسازی و زانستە بەسودەکانیان ناگرێتـەوە ، چـونکە (حیکمـەت بزربـوی بـڕواداره لەهـەر شـوێنێك پێـی گەیـشت ئـەو شایـستەترە بەهەڵگرتنـەوەی) . ئـەرێ گـەنجانی موسـوڵمان (لـەکوڕان و کـچان) ئـەمڕۆ لـەکوێی ئـەم فەرمودەیـەدان ؟! بەداخـەوە کەهەنـدێ لـە گەنجەکانمان چونەتە سەر داب و نـەریتی ئـەوروپی و غـەربیـەکان تەنانـەت لە بێگانە پەرستیدا ئەوەندە پێشکەوتون ! بەرگی ڕەسەنی خۆیان تەنها لە بـەهار و نـەورۆزدا بـۆ سـەیران و وێنـە گـرتن لەبـەر دەکـەن ! هەنـدێ لـە ئافرەتـانیش لـەجل و بـەرگ و جوانکـاری و نینـۆك درێـژ کـردن خۆیـان بـە ئافرەتانی بێگانە دەچوێنن ، کەنەخشەسازی جولەکەی جیهانییە بۆ لادان و ماڵ بەفیڕۆ دان و یاری کردن بەعەقڵی مرۆڤەکان.... بۆ چارەسەر کردنی ئەم دەردە کوشندەیە دەبێ موسوڵمانان جارێکی تر بەخۆیاندا بچنەوەو بە ئاگا بن بەناوی پێشکەوتن و تازە گەری یان بەناوی کوردایەتی فێڵیان لێ نەکرێ و دوچاری لاسایی کردنەوەی کوێرانـە نـەبن ، بـەڵکو پێویـستە : - بەعەقڵی خۆمانە بیر بکەینەوە لـەجیاتی عـەقڵی بێگانـە -بەچاوی خۆمـان بـڕوانین نـەك بەچـاوی بێگانـە . ڕەسـەنایەتی خۆمـان لەدەسـت نـەدەین و

دەست گرتوو بین بەڕێبازی باپیرانمان کە ئیسلامە . لەهەمان کاتدا سود لە تەکنەلۆژیاکەشیان وەر بگرین ، بەڵام نەك توانەوە لەناویاندا .

حەیفە لاسایی بێگانە کردن — — — لەناو زەلکاوی ئەواندا مردن

یاسای پێغەمبەر بۆچی ببیٚ ون— — —دینداری مەرجە بۆ پیاوو بۆ ژن

ڕێوی لەکونی خۆی هەلگەڕێتەوە —— — گەڕو لەڕ ئەبیٚ پێی ئەتوێتەوە

گەر لەڕیٚ و دینت دوور کەوێتەوە — — بەسەر شۆڕییەوە سەرئەنێتەوە

داپۆشینی عەقلٚ یان جەستە..!؟

ئــەوەی کەئیــسلام داوای دەکــات حیجــاب وداپۆشــینی جەســتەیەنەك داپۆشــین وداخرانـــی عـــەقلٚ، کەســـانێکی زۆردەبـــینی کەعـــەقڵیان داپۆشیوەوجەستەولاشەیان ڕوتـە(سـفورە)! لەبەرئەوەبانگەشـەی دامـاڵینی بەرگی حەیاوحورمەتیان بۆدەکردبۆئافرەتان،وەك شوێن کەتوانی ئەتاتورك وشــای ئێــران محمدئــەمانی ئەفغانــستان وئەحمەدزۆغۆوئەنوەرخۆخــەی ئەلبانیاوهوداشـەعراوی وفـەهمی وقاسـم لەمیـسر...،ئەمانـەزۆری تـریش کەبانگەشەی بەڕۆژئاوایی بوونی ئافرەتیـان دەکرد،بـەڵام دوای تێگەیشتن وکرانـــەوەی عـــەقڵیان هەنـــدیٚ لەشـــوێن کـــەتوانیان پەشـــیمان بونەوەلەهەڵوێـــــستی ڕابردوویان،ئەوەتادکتۆرەنــــەوال ســــەعداوی کەسـالانێکی زۆردژایـەتی حیجـابی کردوەبانگەشـەی دەکردبۆسـفوری ئافرەتـان ...دوای پاشگەزبونەوەی لەوهەڵوێستانەی دەڵـیٚ:ئێمەسەرەوبن حـاڵی بـوین!پێویـستەجەستەولاشەمان داپۆشـراوبێت عـەقڵمان ڕووت وکراوەبێـت!وەدەڵـیٚ:مـن لەسەرجادەوشۆسـتەکانی لەنـدەن ئافرەتـانی نیمـچەڕووت دەبیـنم وەك کـەل وپـەل لاشـەی خۆیـان ڕادەنـوێنن،وادەزانن

پێـــــشكەوتن وشارســـــتانی لەوەدایە،،بــــەڵام حیجـــــاب قــــەت ڕێگرنەبووەلەتێگەیشتن وپێگەیشتنی ئافرەتان،ئەوەتاعائیشە شـەرع زان بووەڕەفیدەدكتۆرەبووەنوســــەیبەش موجاهیـــــدەبووەو...،حیجـــــاب چەندمەترەقوماشـێكەوەك بـاقی كوتاڵـەكانی تـرهیچ زیرەكـی وتەمبـەڵی نـاگۆڕێ،وەڕێ لەبیركردنەوەناگرێ،بـەڵام داپۆشـــەری عەورەتەولەچـاوی خراپكاروچاوچـنۆك دەتپـارێزێ ئـەوان عـەقڵیان داخراوەوبۆچـونەكانیان ناتەواوە،جێگەی سەرنج وسەرسوڕمانە كەپێشكەوتن و دواكـەوتنی گـەلان ببەسرێتەوە بەچەند مـەترە قوماشێ ! لـە كاتێكدا ئـەو باڵا پۆشییە تـەنها نیشانەی پاكی و ڕەوشت بەرزییە ،وە ئەو كەسە خوا لەخۆی ڕازی دەكـات و خـۆی دەپـارێزێ لەخراپـە و بەرزكردنـەوەی دروشمـی دامـێن پـاكی و وابەستەییە بەدینـەوە . پۆشاك جگـە لـەوەی كـە یەكێكە لەجیاكـەرەوەكان لــەنێوان مــرۆڤ و ئاژەڵــدا ، لاشــەدەپارێزێ لــەهۆكارە سروشــتییەكان ، جائەگەر ئافرەت خۆی وەكو مرۆڤ سەیربكات ئاوا خۆی ڕوت نەدەكردەوە وەدەڵێ : زۆر لەڕۆشنبیرو خوێندەوارەكان دەبینم كەلاشەو سـەریان ڕوتـە بــەڵام تێگەیــشتن و ژیرییــان داخــراوەو داپۆشــراوە ! دوچــاری دەردو نەخۆشــییەكانی ڕامیــاری و كۆمەڵایــەتی بــوون ! ئایــا ڕۆشــنبیری و پێشكەوتن لەمۆدێل و سفوری و چاو لێكەری كوێرانەدایە ؟ یان لەهونـەرو سەماو گۆرانی دایە !؟ كەئەمانـە دەردو نەخۆشییەكانی پێشكەوتنن ، بێ ئاگان لـەوە كەمیللـەتی ئێمـە تایبـەت مەنـدی و ڕەسـەنایەتی خـۆی هەیـە و لەســەرجەم بوارەكانــدا كــەجیای دەكاتــەوە لەگــەلانی تــر . وەلــەوەڵامی پرسـیارێكداكەلەڕۆژنامەی (الـوطن) ی كـوێتی ئاراسـتەی دكتـۆرە نـەوال

کرابـوو : ئایـا ئافرەتـانی ئـەوروپا نمونـەی پێـشکەوتنن ؟ وتـی نـەخێر ، هەرچـەندە ئـەوان لـە چـەند ڕویەکـەوە پێشکەوتون بەڵام لـەزۆر بـواردا زۆر تـرین سـتەمیان لێـدەکرێ و دواکـەوتون ، ئـەوەتا یاسـاکانی هاوسـەرگیری زۆر سـتەمی لـەئافرەتان کـردووە ، بۆیـە دەبـینی بـەردەوام لـەجموجۆڵی ڕێکخراوەییــدان بــۆ گێڕانــەوەی مــاف و ئازادییــەکانیان وەهــەروەها لەئـەمریکاش جموجـۆڵ و کاردانـەوەی بـەهێز سـەر هەڵـدەدەن ، چـونکە ڕێچکەو بیردۆزەکان کە هەڵقوڵاوی ئارەزوی مرۆڤەکانن حەتمەن لایەنگیری چین و کۆمەڵێك دەکەن لەسەر حسابی خەڵکی دیکەو پاشان لـەژێر فشارو گوشـاردا نـەبێ مافی ئـەوانی تـر نـادەن دیـارە هەرکـەس بەرژەوەنـدی خـۆی دەبینێ ، وەك پێشینان وتویانە: (سەرچۆپی بدە دەست گامێشێ بۆلای کـادێنێی دەکێـشێ) . بـەڵام لـە وڵـاتی موسـوڵمانانـدا بەدرێـژایی مێـژووی ئیسلام مادام شەریعەت پیادەکرابێ ، ئافرەت کێشەیەکی وای نـەبووە کـە ناچــاربێ کۆبونــەوەو خۆنیــشان دانــی لــەپێناو بکــات ، وەك هــی ڕۆژئاواییەکان ، کەچەوساندنەوە نەبێ کاردانەوەش نابێ وکەسێ سـتەمی لێنەکرابێ هاوارناکات.

بێ بڕوایانیش هەندێ جار دان بەڕاستیەکاندا دەنێن

موسـوڵمانانی بـەڕێز وخۆشەویـست لێـرە دەمـەوێ چـەند قسـەو دان پێـدا هێنانێکی ژمارەیـەك لەنوسـەرو نـاودارانی بێ بڕوایـان دەخـەینـە ڕوو تـاکو بەپێی یاسـای (مـن فَمِـك ادینُـكَ) کەئـەو ئیعترافانـەش ببنـە بەڵگـەیـەکی تـری ڕاسـتی مافـەکانی ئـافرەت لەئیـسلامداو گـەورەیی ئیـسلامیش لەوەدایـە کەناحەزانیشی شایەدی ڕاستی بۆ دەدەن ، بۆ بێدەنگ کردنـی کەسانێك

كه قسه و دان پێداهێنانی زانایەکی ڕۆژئاوایی لا بەهێزترو کاریگەرتر بێ لەبەڵگەی زانستی ، نەك بۆ موسوڵمانان کەپەکیان لەسەر شایەتی ئەوان کەوتبێ ! بێگومان زانا و ناودارانی بیانی زۆر هەن کەدانیان بەڕاستییەکانی ئیسلامدا هێناوە ئێمە تەنها چەند نمونەیەکیان لێ باس دەکەین :

1–(میخایل گورباتشۆف) ی سەرۆکی سۆڤیەتی جاران وتویەتی : کارێکی هەڵە و خراپمان کرد لەساڵی 924 بەدواوە هەوڵی زۆرمان دا بۆ یەکسان کردنی ژن و پیاو لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا و ئافرەتمان لەماڵ هێنایە دەرەوە وەك پیاو ، لەئەنجامدا ماڵەکان وێران بوون منداڵی بێ دایك و باوکی لێ کەوتەوە کەعیناد وبەرەڵاو خراپ بوون چینێکی بێ پەروەردە و بێ کەس دەرچون کە بۆمان چارەسەر ناکرێن ....، چونکە سروشتی ئافرەت وایە کە سۆز و عەتف و ئارامی لەپیاو زیاترە بەشێوەیەکە کە گونجاوە بۆ دایکایەتی وپەروەردەکردنی منداڵ ،جا لەبەر ئەوە ئافرەت بەکار وسیماوجل وبەرگ وسروشتی خۆیەوە جوانە ، پیاویش لەبواری خۆیدا سەرکەوتووە .

1– گۆستاڤ لۆبۆن : کەئیسلام هات مافەکانی ئافرەتی چەسپاندو شیرازەی ماف و ئەرکەکانی دامەزراند ... وەئەوەی ئافرەت لەسایەی شارستانییەتی ئیسلامدا پێی گەیشتوون خوشکە ئەوروپایەکانیان تازە چنگیان کەوتووە ، وەئیسلام گەلێك کۆت وبەند کەلەسەردەمی نەفامیدا باو بوون ئافرەتی لێ ئازاد کرد کەلە میراتدا بەشدار بێت وە لەڕووی ئابورییەوە بوو بەخاوەنی سامان و ئەوەی هەیەتی مێردەکەی دەسەڵاتی

بەسەردا نییە و سەر بەخۆیە ، وەلەڕوی کارو باری کەسێتی چاکسازی زۆری کرد چونکە هەم تەڵاق و فرە ژنی پێشتر ناڕێکی زۆریان تێدا بوو ڕێکی خست و مەرجی زۆری بۆ دانا .

2-هیملتۆن : یەکێکە لەناودارانی ئینگلیز ، سەبارەت بەڕێز و حورمەتی ئافرەت لەسایەی ئیسلامدا گوتویەتی : (بێگومان یاساکانی ئیسلام بە ڕاشکاوانە گرنگییان بەپاراستنی ئافرەت داوە لەهەر شتێ کە ببێتە مایەی ئازار دان و ڕوشاندنی کەسایەتی ، هەندێك لەنوسەران واگومان دەبەن ئیسلام تەنگی بەئافرەت هەڵچنیوە بەهۆی فەرمان کردنی بەباڵا پۆشی ، بەڵام ئەوەندە هەیە داخوازییەکانی جوامێری و پاراستنی ناموسی ڕەچاو کردووە) .

3-بەرتراند ڕاسل : فەیلەسوف ناوداری ئینگلیز کەسەرجەم ئەوروپا شانازی پێوە دەکات ئەویش گوتویەتی : خێزانی ڕۆژئاوایی بەهۆی بەکار هێنانی ئافرەتەوە لەکارو بارە گشتییەکاندا لەبەر یەك هەڵوەشاوە ، وەبەئەزمون دەرکەوتووە کە ئافرەت تەنها لەکاری خۆیدا تەواو سەرکەوتووە .

4-جان جاك ڕۆسۆ : ئەمیش کەباوکی ڕۆحی شۆڕشی فەڕەنسایی (1790) دادەنرێ لەکتێبی (ئەمیل) دا بۆچون و هەڵوێستی خۆی لەبارەی ئافرەت بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو -پێویستە ئافرەت لە ڕێی سەر گەرم بوون بەئەرکی سروشتی خۆیەوە خزمەت بە کۆمەڵگا بکات ، کە بریتییە لە گرنگی دان بە مێرد و منداڵەکانی ..- دەبێ ئافرەت لەجیاتی لاسایی کردنەوەی پیاو هەوڵ بدات مێینایەتی و ئافرەتایەتی خۆی تۆخ بکاتەوە و

لەدەستی نەدات .- پێویستە ئافرەت ماڵ و حال بەجێ نەهێڵت بەبیانوی کاسبی و ئیشکردنەوە بەملاو لادا بڕوات ، دەبێ وریا و هۆشیار بێت و پیاوانی چڵێس و نیاز خراپ بەناوی مافەکانی ئافرەت ویەکسانی لەگەڵ پیاودا نەیخەنە تەڵە وداوی خۆیانەوە .

5-میشێل فوج :کەئافرەتێکی سەماکەر و ڕاقیێەی فەرەنسییە لەچاوپێکەوتن و دیدارێکی گۆڤاری (الاسبوع العربی) لوبنانی دا باسی ئیش و ژان و بێدەرەتانی خۆی و خوشکە ڕۆژ ئاوایەکانی کردووەو دەڵێ: پاش ئەوەی بابم و خێزانەکەمان دەست بەردارم بوون ، ناچار بووم ئیشێك بدۆزمەوە تاوەکو ژیان و گوزەرانی خۆم دابین بکەم ! بابم یەکێك بوو لەگەورە پیاوانی پیشەسازی دەوڵمەند لە (پاریس) ، جا بەبەڵگەی ئەوە کە ئەویش خۆی لەتەمەنی شانزەساڵیدا چۆتە نێو گۆڕەپانی ژیان و گوزەرانەوە ، ڕازی نەبوومەسرەفم بکێشێ ! چونکە دەبێ منداڵەکانیش خۆیان کار بکەن و بژێوی پەیدا بکەن و نەبنە بار بەسەرییەوە ، وەدەڵێ : باوکم لەگەڵ دایکم زۆر دڵڕەق بووبەخراپی لەگەڵی دەجوڵایەوە ، چونکە جارو بار هاوکارییەکی کەمی منی دەکرد !) لە

درێژەی قسەکانیدا دەڵێ : (دایکم چاکەتێکی (فیزۆن) ی لەبەردا بوو کەبایی (20/000) لیرە زیاتر بوو ، منیش دەبێ یان بەئارەقەی نێوچەوان پەیدای بکەم یان بەکاری بەد ڕەوشتی ....!؟ بۆیە سەرەنجام خۆمم لە مەلهەکانی شەودا دیتەوە کەبەهۆی سەما کردنەوە بژێویم چنگ دەکەوت ! میشێل لەدرێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتە پڕ کارەساتەکەی خۆی دا گوتی : (ئائەمەیە ژیانی خێزانی لەپاریس ..)سۆزو بەزەیی لەدڵی دایك و

باوكانـدا چـۆڕەبڕبووە !... ئەوەنـدە خۆپەرسـتن هـەر پارەیـەك كەدەیدەنـە منداڵەكانیان وەك پارچە گۆشتێ لەجەستەیان ببڕی ! ئێمە لـەپاریس هـیچ نرخێك بۆ خێـزان دانانێین ، باوك و دایك هەر یەكـەیان بـۆ خـۆی دەژی و نامۆن بەیـەكتر بۆیـە زۆربـەی زۆری كـچان لـەماڵ و خێزانـەكانیان بێـزارن و هەندێكیان دەبنە سكرتێرە و مامۆستاو فرۆشیار لـەلای بازرگانـەكان ، وە هەندێكیـشیان ناچـار بەلـەش فرۆشـی خۆیـان دەژێـنن ، ئـەویش نـاڵێم ژیـانێكی خۆشـگوزەران ، بـەڵكو بژێوییـەكی سـادە و هـەرزان ! وەكـچ بـە چــەندین ئــەزمونی تاڵیــدا تێدەپــەڕێ و لەمیانەیانــدا ناڕەحــەتی زۆر و مەینەتی جۆراوجۆر دەچێژێ ! ئەوەیە ڕاستی ژیـان و گـوزەرانی ئـافرەت لــەپاریس). بــەڵێ خوێنــەری خۆشەویــست : ئەمانــە چــەند دان پێــدا هێنـانێكی كەسانی (بیـانی) بوون كە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێیان لــەو ڕاسـتییە نـاوە كــەئافرەت و خێــزان تــەنها لەكاتێكـدا كەسـایەتی و حورمەت و مافیان پارێزراو دەبێ كەلـەژێر سایەی شـەریعەتی دادگەرانـەو وردبینانەو دور بینانەی خوای پەروەردگاردابن

مافـی ئافرەت.. ئەبێ چۆن بێ ؟!

كاتێك بمانەوێ سەبارەت بە ئافرەت بدوێین و بنوسین ئەوا مەبەست پێ لە (دایك و خوشك و ئەو قوتابخانەیەی كەپیاوان و ژنانی تێدا دەردەچن ، باسی قوربانی دانی بێ سنور و سۆزو خۆشەویستی جوانییە . جا لەبەر ئەوە زۆر تاوانبارن ئـەو كەسانـەی كـەڕێزی تـەواوی لێنـاگرن و مافی خـۆی پـێ نـادەن تـەنها سـاڵی دوو ڕۆژ نـەبێت كەئـەویش (ڕۆژی دایـك و ڕۆژی ژنانـە) كـە چـەند كاتـژمێرێك بەشـان و باڵیانـدا دەدەن و چـەپكە گوڵیـان

پێـشکەش دەکـەن و هیـچی تـر !! ئـەڵێم بـەو ئافرەتانـەی کەئەیانـەوێت ڕێزداربن و بەچاوی ڕێزەوە سەیر بکرێن لە دونیا و دواڕۆژدا بەچاوێکی ڕون و زانستەوە سەیری بنەماو یاساکانی ئاینی ئیسلام بکەن سەبارەت بـەئافرەتان لــەقورئان و فــەرمودە پیرۆزەکانــدا لەمێــژووی هاوەڵــان و پێشینانداچەندە ڕێز گیراوە لە ماف ئافرەتان و دەبینی خاوەنی چ پلەو پایەیەکی بەرزن کەبەراورد ناکرێن لەگەڵ ئافرەتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپادا کەچۆن بەناوی ئازادی و سەربەستییەوە دەچەوسێنرێنەوە و بازرگانیان پێـوە دەکـرێ ! لەئیـسلامدا ئـافرەت وەك پیـاو ڕێـزدارە و وەبنـەمای ئـەو ڕێـزەش لەسـەربنەمای ڕەگـەز نییـە بـەڵکو لەسـەر ئەساسـی تـەقوا و لـەخوا ترسانە وەك خوای گەورە فەرمویەتی (ان اکرمکم عنداللە اتقاکم..) ئیسلام وەك هاوسـەری ژیـان ئـافرەت بـە لـەتکی پیاوان سـەیر دەکات پێغەمبـەری پێشەوامان (د.خ) فەرمویەتی : (انماالنساء شقائق الرجال) واتـە : ئافرەتـان لەتکی پیوانن نیوەی ژیانن وەك چۆن سێویك ئەگەر بکەی بـەدوو کەرتـەوە بەهەریەکەیان دەگوترێ لەتکە سێوو بەهەردو بەشەکە سێوێکی تەواو پێك دەهێنن بەهەمان شێوەیش ئافرەتـان و پیـاوان بەهـەردوکیان ژیـانی تـەواو دروسـت دەکـەن ، ئـاوا ئیـسلام مـاف و ڕێـزی بـۆ دانـاون بـەڵام ئافرەتـانی ڕۆژئـاوا تەنانـەت بێبەشـن لـەوەی کەبـەناوی باوکیانـەوە لەقەڵـەم بـدرێن و بــەڵکو ڕاســتەوخۆ بــەناوی مێردەکانیانــەوە بــانگ دەکــرێن (کەئەمــەش جۆرێکە لەتیرۆری کەسێتی و ناسنامە.. وەکودایك خوای گەورە جوانترین ڕێزی بۆ داناوە کەهیچ کەسێکی ترناتوانێ ئەو مافەی بداتێ کە بەهەشتی خـستۆتە ژێـر پێـی دایکـەوە، نـەك سـاڵی دوو ڕۆژ ڕێـزی بگـرێ ویـادی

بكاتەوە !وەك بانگ خوازانی ئازادی بانگەشەی بۆ دەكەن وتەنها بەدروشم و لافیتەی بریقەدار كاری بۆ دەكەن كەبەوەش هیچ سودمەند نابێ وەك وتراوە:(بە حەڵوا حەڵوا دەم شیرین نابێ) ئەوەتا لەئیسلامدا ڕەزامەندی خوا لەگەڵ ڕەزامەندی دایكدایە بۆ ڕۆڵەكانیان:لەفەرمودەی پێغەمبەردا (ρ) هاتووە كە هەركەسێ سێ كچی هەبن یان دوو كچ جوان بەخێویان بكات و فێری ئەدەب ودینیان بكات تا بەشوێنی خۆیان دەگەیەنێت ئەوە پاداشتەكەی بەهەشتە ! لەگێڕانەوەی تردا دەڵێ تەنانەت ئەگەر یەك كچیش: تەنانەت ئیسلام ڕێزی لەئافرەت ناوە لەو كاتەی كە كچۆڵەو منداڵیشە بەوەی كەزیندە بەچاڵ كردنی حەرام كرد وەك خوای گەورە فەرمویەتی (واذاالمؤدة سئلت باي ذنب قتلت)(التكویر8-9) وەكو خێزانیش ژنی لەبیر نەكردووە و فەرمانی داوە بەخۆش ویستنی و چاودێری و ئامۆژگاری وبەخێوكردنی لەلایەن مێردەوە..،نەك ئیشی دەرەوە و ماڵەوەشی پێ بكەی ..، بەناوی یەكسانییەوە كاری پیاوانیشی پێ ئەنجام بدەی لەگەڵ كاری سروشتی خۆی كە دایكایەتی و ماڵدارییە ... ئایا ئافرەتان هەستیان بەوە كردووە كەئەوان وەك دایك و خێزان ئامادەكار و بەخێو كەری نەوەكانی داهاتوون ؟ لەئیسلامدا ئافرەت مرۆڤەو نابێ بازرگانی بەجەستەیەوە بكرێو بكرێتە كاڵای بازرگانی و ئیعلامی لەسەر ڕۆژنامەو تەلەفیزیۆن و بەرگی تایت و سابون و عەلاگەی دەست بەڕوتی نیشان بدرێن وبكرێنە ئەداتی سێكسی ونێچیری مرۆڤە دڵنەخۆشەكان! كەئەمانە لەڕاستیدا چەوساندنەوەی ئافرەتانەو تیرۆری كەسایەتییە ، چون ڕێزومافی ئافرەت بەسوكایەتی پێكردنی بەرجەستە نابێ،بەڵكو ئەو

ماف و ڕێزە لەڕێگەی پەروەردەو فێرکردن وپابەندی بەڕەوشتە جوانەکان دابین دەبیٚ، دەمانەوێت بێت لە کوٚت و زنجیری نەفامی ونەزانی و دواکەوتن، نەك ئازابیٚ بوٚ ژیانی ئاژەڵی و بیٚ ڕێزی و ئابڕوتکان ! دەمانەویٚ لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕوٚڵی شیاو و گونجاوی خوٚیان ببینن .

مافی ئافرەت لەئیسلامدا

لەبەر ئەوەی نەیارانی ئیسلام لەڕێگەی فریو دان و بەکارهێنانی ئافرەتانەوە گەنجەکانمان سەرگەردان دەکەن ، گوایە ئافرەتان لەئیسلامدا چەوساوەن و ئەوان خەم خوٚریانن ! بەپێویستم زانی بەکورتی ئاماژە بوٚ مافی ئافرەتان بکەم لەئیسلامدا . بوٚئەوەی بەراوردیٚ بکەی لەنێوان ژیانی ئافرەتانی خوٚرئاوا و ژیانی ئافرەتان لە ناو موسوڵمانانداا ، وەبزانی کە سەربەستی و ئازادی ڕاستەقینە لەکام لایە ؟ بەرنامەکەی خوا ئافرەت و پیاوی بەیەکسانی داناوە لەبنچینەی دروست بوون و بەهای مروٚڤانە ، هەردوولا دەگەڕێنەوە سەر یەك بنەڕەت ، وەکو دەفەرموێت (الذي خَلقكم مِن نَفسٍ واحِدة ...) **وەلەپاداشتی ڕوٚژی دواییدا وەکو یەکن و هیچ جیاوازییەکیان نییە وەك دەفەرموێت (انی لا اچیع عمل عامل منکم من ژکر او انپی) وەلە بەرانبەر ئەرکدا مافیشیان بوٚ دیاری کراوە** (ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف) **(البقره 228)لەڕاستیدا ڕێز و مافی ئافرەتان تەنها لەدینی خودادا دابین کراوە ، بەڵام چی دەڵێی لەبەرانبەر ئیسلامێکی بیٚ حوکم و دەوڵەت ! ئافرەت لەئیسلامدا وەکو دایك زوٚر گەورەیە ئەگەر دایکمان لێمان ڕازی نەبیٚ خواش ڕازی نابیٚ ! وەکو خێزان هاوسەر و ڕەفیقی ژیانە ، وەکو خوشك ڕێزی خوٚی لێدەگیریٚ .. کەسیٚ ڕێز لەئافرەتان نەگریٚ**

بەگێل و نەفام دادەنرێ وەك پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمویەتی (ما اكرم النساء الا كريم و ما اهانهن الا لئيم) (مسلم) واتە: ئەوەی ڕێزیان دەگرێ چاك و بەڕێزە ، وەگێل و نەفامەكانن ڕێزیان ناگرن و بەكەمیان دەزانن ،لەبەر ئەوەیە ناحەزانی ئیسلام بەناوی ڕێزەوە بێ ڕێزیان دەكەن ،بەناوی ئازادییەوە ئازاریان دەدەن بۆ تێركردنی ئارەزووەكانی خۆیان ڕوتیان دەكەنەوە ، دەیان بەنە ڕیزی ئاژەڵان ، چونكە یەكێ لەبەها مرۆڤایەتییەكان بەرگ و لیباسە كەجیامان دەكاتەوە لەئاژەڵ ، ئیسلام زۆر گرنگی دەدات بە پارستنی كەسایەتی ئافرەت ، بەوەی كەتێكەڵی پیاوانی بێگانە نەبن و خۆیان داپۆشن ،وەكو ماڵێكی بەنرخ پێویستە بپارێزرێن ،چونكە چاكی و پاكی كۆمەڵگا بەستراوە بە چاكی و پاكی ئافرەتەكانیەوە ، گەر ئەوان ڕۆشنبیر بن لەخواترس بن ، ئەوا كاریگەری زۆری دەبێت بۆ سەر ئەو كۆمەڵگەیە، بۆیە ناحەزانی دینەكەمان كاتێ دەبینن ژنان دەچنە مزگەوت یان بۆ كۆڕو سیمیناری ئیسلامی كێچ دەكەوێتە كەوڵیان ، چونكە ئەگەر ئافرەت لەدینەكەی تێبگات پێ بگات خێر بۆ ئەوان نادەنەوە و دروشمەكانیان دەبنە بلقی سەر ئاو . زانایەك دەڵێ : ئەگەر پیاوان سەیارە و تەیارە و موشەك و تەكنەلۆژیا بەرهەم بهێنن ، بەڵام ئافرەتان مرۆڤ دروست دەكەن ، چونكە یەكەم قوتابخانە كە مرۆڤی تێدا پەروەردە دەبێ باوەشی دایكە . تەنانەت پێغەمبەری ئازیزمان (د.خ) لەدوا ساتەكانی ژیانی پیرۆزیداو لەكۆتا وتاریدا فەرموی :(اصتوصوا بالنساءِ خَيرا)واتە:ئامۆژگاریم ئەوەیە كەلەگەڵ ئافرەتان باش بن و قسەی خێریان بۆ بكەن ، سەرنج بدە چەندە لەخەم ئافرەتانی ئوممەتەكەی بووە ، تادور

بن لە ئاگری دنیا و دوا ڕۆژ . ئێوەش دایکان و خوشکانی بەڕێز مادام خۆتان بە موسوڵمان دەزانن گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شەرع بن ، بۆ ئەوەی ڕێزدار بن و حەیا و ئابڕوتان پارێزراو بێت ، شوێن کەوتەی عائیشە و فاتمەو خەنسا بن ، نەك مۆدێل و هەواو ئارەزوو...

سەرچاوەکان

1ـ **محاكم التفتيش / د .زكي علي**

2ـ **الشباب المسلم في مواجهة التحديات / د. عبداللة ناصح**

3ـ **امريكا : (السقوط و الحل) مختار خليل ص /**25-50

4ـ **گۆڤاری/ (الاسرة)ژمارە** 129-**ساڵی**1424 **ه**

5ـ مجلة(حضارة الاسلام) العدد الثاني ، السنة التاسعة /-**ئەويش لەکتێبی(الاسلام وحضارةالغرب)وەری گرتوە** 106

Email: a_qamishi@yahoo.com

پێرست

بابـــەت	لاپـــەڕە